دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

- **دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردەوەی دژە مرۆیی لە ئێدلبی سووریەی مەحکووم کرد** ل٢
- **ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی تەشکیلات لە پەیوەندی لە گەڵ هێرش بۆ سەر کۆڵبەرانی کورد لە ناوچە سنوورییەکان** ل٢

ژمارە٦٩٩، پێنجشەممە٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ی هەتاوی،٢٠ی ئاوریلی ٢٠١٧

www.kurdistanmedia.com


شار مێحوەری ڕاسان ٤


ئابووریی شێرزەی ئێران بە قازانجی کێیە؟ ٦


هەڵاواردن، زیانێک بۆ... ٧


هێرشی مووشەکیی سنووردار و... ٩



# ترامپ فەرمانی پێداچوونەوە بە بەرجامی دا

دۆناڵد ترامپ سەرکۆماری ئیالەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، فەرمانی بە ئاژانسەکانی زانیاریی ئەو وڵاتە کردووە بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بە ڕێککەوتننامەی ناوکیدا بکەنەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی ڕۆیتێرز، ترامپ ڕۆژی چوارشەممە ٣٠ی خاکەلێوە لە فەرمانەکەی خۆیدا جەختی کردۆتەوە کە؛ ئاژانسەکانی زانیاری لەو بابەتە بکۆڵنەوە کە ئایا هەڵپەساردنی گەمارۆکانی ئێران، لە بەرژەوەندیی ئامریکادا بووە یان نا.

ڕێککەوتنی ناوکیی ناسراو بە بەرجام، لە مانگی ژوئیەی ساڵی ٢٠١٥ لە نێوان ڕێژیمی ئێران و وڵاتانی ١+٥ (ئامریکا، بریتانیا، فەڕانسە، ڕووسیە و چین، پێنج وڵاتی ئەندامی هەمیشەیی شۆرای تەناهیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاڵمان)، واژۆ کرا.

لەسەر بنەمای ئەو ڕێککەوتنە، لە بەرانبەر سنووردار کردنی چالاکییە ناوکییەکانی ئێراندا، ئەو گەمارۆیانەی بە هۆی چالاکیی ناوکییەوە خراونەتە سەر ئەو وڵاتە، بەرە بەرە هەڵگیرێن.

زۆربەی کۆماریخوازەکانی ئامریکا لەوانە دۆناڵد ترامپ، لە دژبەرانی ئەو ڕێککەوتنەن. ترامپ ئەو ڕێککەوتنەی بە؛ "خراپترین ڕێککەوتن" هەڵسەنگاند و لە پڕوپاگەندەکانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ئامریکادا گوتبووی کە؛ ئەو ڕێککەوتنە دەدڕێنێت.

هەرچەند دواتر دەراوی دەمی ترامپ سەبارەت بەو ڕێککەوتنە نیانتر بوویەوە، بەڵام بەڵێنی دا کە پێداچوونەوەی بەسەردا دەکرێتەوە.

چەند کاتژمێرێک پێش لە دەرکردنی فەرمانی ترامپ، جێیمز مەتیس وەزیری بەرگریی ئامریکا، لە ڕیازی پێتەختی عەرەبستانەوە، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە سەرچاوەی هەموو قەیرانەکانی ناوچە، ئێرانە.

هەروەها مەتیس ڕۆژی چوارشەممە گوتی کە؛ دەبێت ڕووبەڕووی هەوڵەکانی ئێران سەبارەت بە ناسەقامگیر کردنی ناوچەکە ببینەوە. ناوبراو گوتیشی؛ کاتێک ئاریشەیەک لە ناوچەکەدا دێتە ئاراوە، هەر لەو شوێنە شوێنپێی ئێران دیارە.

وەزیری بەرگریی ئامریکا کە پاش دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ کاربەدەستانی باڵای عەرەبستانی سعوودی لێدوانی دەدا، گوتی؛ "دەبێت پێش بە سەرهەڵدانی کێشە و ئاریشە لە وڵاتێکی دیکە بە دەستی ئێران بگرین. دەبێت پێش بە سەرهەڵدانی گرووپی میلیشیایی دیکە وەکوو حیزبەڵڵای لوبنان بگرین. بابەتی سەرەکی لە ئێستادا ئەوەیە کە ئێمە لە ڕێڕەوێکی درووستدا هەنگاو هەڵدەگرین".

# کۆنگرەی ئامریکا، یاسای توندتر کردنەوەی گەمارۆکانی سەر ئێران و سووریە تاوتوێ دەکات



دۆناڵد ترامپ، سەرۆک کۆماری ئامریکا داوای لە کۆنگرەی ئەو وڵاتە کردووە ڕەوتی هەموار کردنی یاساکانی گەمارۆ خستنە سەر وڵاتانی پشتیوانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد، لەوانە ڕووسیە و ئێران خێراتر بکەنەوە.

پێشبینی دەکرێت کە؛ پاش کۆتایی هاتنی پشووی وەرزی بەهاری کۆنگرە لە حەوتووی داهاتوودا، یاساگەلێکی نوێ و کۆن سەبارەت بە یاساغ کردنی ناردنی مووشەکی بالێستیکی ئێرانی بۆ ڕێژیمی سووریە جێبەجێ بکرێت و سێ کۆمپانیای فرۆکەوانیی ئێران کە گومانی گواستنەوەی چەکوچۆڵ و هێزی شەڕکەر بە مەبەستی پشتێوانی کردن لە ئەسەدیان لەسەرە، گەمارۆیان بخرێتە سەر.

هەروەها بڕیارە نوێنەرانی کۆماریخوازی کۆنگرە، داوا لە دەوڵەتی ترامپ بکەن مۆڵەتی کۆمپانیاگەلێکی ئامریکایی وەکوو "کۆمپانیای بوئینگ" لەمەڕ ڕادەست کردنی فڕۆکەی تیجاریی بە ئێران هەڵوەشێننەوە.

کۆمیسیۆنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی سێنای ئامریکاش بەنیازە پێشنووسی یاسای دانانی گەمارۆ لە سەر سپای پاسداران بە هۆی پشتیوانی کردنی لە تێرۆریزم ئامادە بکات.

هەروەها کۆنگرەی ئامریکا بڕیارە یاسای "قیصر" بە مەبەستی بەرگری کردن لە شارۆمەندانی سووریە بخاتە دەنگدانەوە، کە پشتبەستوو بە وێنەگەلێک داڕێژراوە کە لە لایەن ئەفسەرێکی ئەو وڵاتەوە بۆ دەرەوە گوازراوەتەوە و ٥٥ هەزار وێنەی سەبارەت بە ئەشکەنجە کردن لە زیندانەکانی سووریەدا ئاشکرا کردووە.

گۆڕینی ڕوانگەی دەوڵەتی ترامپ سەبارەت بە سووریە، دەستی کۆنگرەی بۆ دانانی گەمارۆ لە دژی ئێران ئاوەڵا کردووە، هەرچەند دێموکراتەکانی کۆنگرە نیگەرانن لەوەی ئەو گەمارۆیانە کاریگەریی لەسەر ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێران دابنێت و بیخاتە مەترسییەوە.

## پەیڤ

## جیهادی سپی

کەریم پەرویزی

٣٨ساڵ پێش، لە ٢٨ی گەلاوێژدا، خومەینیی ڕێبەری ڕێژیمی تازە کە هەموو دەسەڵاتەکانی پاوان دەکرد، بە دژی نەتەوەی کورد فەرمانی جیهادی دا و بە هەموو هێزی نیزامیی موتەعارف و ناموتەعارفەوە، هرۆژمیان بۆ کورد و کوردستان هێنا و ئەوەی تاوان لە دەستیان هات بۆ بە چۆکدا هێنانی کورد ئەنجامیان دا.

نەریتی هەموو لات و لووت و کەسانی زۆرمەدارە کە دەچنە شوێنێک و یان دەیانەوێ دەست بە سەر ناوچەیەکدا بگرن، لە پێش هەموو کەس و گرووپدا هێرش دەبەنە سەر ئەو کەس یان گرووپە کە بەهێزتر و خۆڕاگرتر دیارە و لە ڕاستیدا ئەو ملهوڕ و زۆرمەدارانە دەیانەوێ بە هێرش بۆ سەر دیارترین و بەهێزترین و شایی‌بەخۆترین کەس و گرووپ، توانا و دڕندەیی خۆیان بسەلمێنن و بە شکستهێنانی گرووپ و کەسی دەستنیشانکراو، گرووپ و بەشەکانی دیکە چاوترسێن بکەن تاکوو ساناتر تەسلیمیان ببن.

ڕێژیمی خومەینیش لە یەکەم گرووپەوە لە ئێراندا بە کوردەوە دەستی پێکرد و فەرمانی جیهادی بە دژ دەرکرد تاکوو کوردستان داگیر بکا و کورد شکست پێ بێنێ و بیکا بە وانەی پەندوەرگرتن بۆ نەتەوەکانی دیکەی ئێران تاکوو زوو تەسلیم ببن و مل بۆ فەرمانەکانی ڕابکێشن. دوای هێرشی نیزامی و داگیرکردنی کوردستان بە هێزی نیزامی و پاسدار و سوپای دڕندە، ڕێژیمی ئیسلامیی تاران هەوڵی داوە کە ئیرادەی خۆڕاگرییش لە کوردستاندا بەچۆکدا بێنێ.

شکست پێهێنان بە ئیرادەی خۆڕاگری، بە هێزی نیزامی ناکرێ و بۆیە کۆماری ئیسلامی دوای قۆناغی داگیرکاریی نیزامی، پەنای بردۆتە بەر پیلانی دیکە و بە شکڵ و شێواز و پیلانی جۆربەجۆر، لە ڕێگەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەوە ویستوویە کە هێرشە دیار و نادیارەکانی پەرە پێ بدا و بە مەبەستی نگریسی واتە بەچۆکدا هێنانی ئیرادەی خۆڕاگری لە کوردستان بگات.

یەکێک لەو پیلانانە کە ئەنجامی داوە و دەتوانین بە جیهادی سپی ناوی ببەین، هرۆژمی سیاسی و فیکریی کۆماری ئیسلامی بە سیما و ناوی جۆربەجۆر و بە دەمامکی جیاوازەوە بووە تاکوو کوردستان بە گەمە سیاسی و شانۆگەری و فێڵ و تەڵەکەکانی تاران و قومەوە سەرقاڵ بکا و لە ناسنامەی خۆڕاگریی دوور بخاتەوە و بە شێوەی سیاسی دزە بکاتە نێو قەڵای لەگیران نەهاتووی ئیرادەی نەتەوەیی کورد و کە دزەی تێ کرد ئیتر لە نێوەوە

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردەوەی دژە مرۆیی لە ئێدلبی سووریەی مەحکووم کرد

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا کردەوەی دژە مرۆیی بۆمبارانی شیمیایی لە ئێدلبی سووریەی مەحکووم کرد.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

کردەوەی دژە مرۆیی لە ئێدلبی سووریە مەحکوومە

ڕۆژی سێشەممە، ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٦، ٤ی ئاوریلی ٢٠١٧ی زایینی، ئەرتەشی سەر بە حکوومەتی تاوانباری ئەسەد لە سووریە، هێرشی شیمیایی کردە سەر خەڵکی بێتاوان و بێپشت و پەنا لە گوندی خانشیخوون لە باشووری پارێزگای ئێدلب لە سووریە، و لەو هێرشە ئاسمانیەدا کە بۆمبی شیمیایی تێدا بەکارهاتبوو، زیاتر لە سەد کەس کوژراو و سەدان کەس بریندار بوون کە حاڵی بەشێکی زۆر لەو بریندارانە نالەبار ڕاگەیەندراوە.

ئەم هێرشە ئاسمانیە شیمیاییەی ڕێژیمی ئەسەد یەکەم هێرشی لەم چەشنە بۆ سەر خەڵکی سووریە نیە و چەند جاری دیکەش تاوانی دژەمرۆیی لەم چەشنەی ئەنجام داوە و بۆیە بەپێی بڕیار و ڕێکەوتنە پێشووەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبوا لە چەکی شیمیایی دابماڵرایە، بەڵام لە بەر پشتیوانیی هەمەلایەنەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بەشداریی ئەو ڕێژیمە لە شەڕی نێوخۆیی سووریە، هەروەها پشتیوانیی سیاسی و نیزامیی ڕووسیە لە ڕێژیمی ئەسەد، ڕێژیمی بەعسیی سووریە لە سەر تاوان و کردەوە دژە مرۆییەکانی بەردەوامە و لەو کردەوانەدا پشتیوانیی ئاشکرای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و سپای پاسدارانی لەپشتە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای هاوخەمی لەگەڵ قوربانیانی ئەو ڕووداوە دژە مرۆییە، ئەو بۆردومانە شیمیاییە مەحکووم دەکا و داوا لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و مرۆڤدۆستەکان دەکا کە ئەو کردەوەیە مەحکووم بکەن وهەر لەو کاتەدا داوا لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتیەکان و ناوەندە دەسەڵاتدارەکانی جیهان دەکا کە پشتیوانی خەڵکی بێتاوانی سووریە بن و بەر بە تاوانکارییەکانی ڕێژیمی ئەسەد و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سووریە بگرن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
١٦ی خاکەلێوەی ١٣٩٦
٥ی ئاوریلی ٢٠١٧

# حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە سەر هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمی ئێران کۆبوونەوە

شەش لایەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بنکەی سەرەکیی کۆمەڵە. ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کۆبوونەوە.ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی١٧ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ی هەتاوی، شەش لایەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بنکەی سەرەکیی کۆمەڵە . ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کۆبوونەوە.

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی "محەممەد نەزیف قادری" ئەندامی دەفتەری سیاسی لەو کۆبوونەوەدا بەشدار بوون.

تەوەری سەرەکیی کۆبوونەوەکە سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ٢٩ی بانەمەڕی ئەمساڵ بوو کە ڕێژیم دووبارە شانۆسازییەکی دیکە بەڕێوە دەبات.

لەو کۆبوونەوەدا هەر کام لە لایەنەکان ڕوانگە و بۆچوونی هێزە سیاسییەکانی خۆیان باس کرد و هەموویان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە؛ لە نیزامێکی داخراو و چەقبەستوودا کە باوەڕێکی بە هەڵبژاردن نیە، لە بنەڕەتدا سەرۆک کۆمار لەو نیزامەدا، نە دەسەڵاتێکی هەیە و نە ئەرزشێک.دوای کۆبوونەوەکە، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی بۆ کاناڵەکانی ڕاگەیاندن بەڕێوەچوو کە "ئیبراهیم علیزادە"، کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیەکەی بەڕێوە برد و دواتر هەر لایەنەی کە پرسیاری لێ کرا، وێڕای پێداگری لەسەر گرینگیی کۆبوونەوەکە و ڕوونکردنەوەی لایەنە ئەرێنییەکانی بەشداری نەکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا قسەیان کرد.لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا لە داهاتوویەکی نیزیکدا دووبارە ئەو لایەنانە بە مەبەستی هەرچی زیاتر چالاک کردنی بایکۆت و ئیمکانی زیاتری کاری کردەیی لەو پێوەندییەدا کۆببنەوە.

# یادی شەهیدانی کوردستان لە ڕۆژهەڵات بەرز ڕاگیرا

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شار و گوندەکانی کوردستان، بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان بەردەوام چالاکیی تەبلیغی بەڕێوەدەبەن.تێکۆشەرانی دێموکرات لە ساڵڕۆژی شەهیدانی کوردستاندا لە گوندی "قەڵای بەهادوری" (قلعەی بهادوری) سەر بە شاری سەرپێڵ زەهاو، یادی شەهیدانی ڕاسانیان بەرز ڕاگرت و وێنەی دوکتور قاسملووی نەمریان لە تەواوی گوندەکەدا بڵاو کردووە.

هەروەها ڕۆڵەکانی دێموکرات یادی شەهیدان "مامۆستا چەکۆ ڕەحیمی، کاوە جەوانمەرد، سەید ڕەزا درودگەر، مامۆستا سەرکەوت و مامۆستا ڕەسووڵ محەممەد زادە"یان بەرز ڕاگرت و ڕێزیان لە خەبات و تێکۆشانیان گرت و بەڵێنی درێژە پێدانی ڕێگای ئەو شەهیدانەیان دا.لە هەواڵێکی دیکەشدا، قارەمانانی دێموکرات لە شاری سنە بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان لە گوندی تەنگیسەر لە شاخی پیرەژن ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد.لەلایەکی دیکەشەوە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بۆ جارێکی دیکەش لە چەند ناوچەیەکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە بەڕێوەبردنی چالاکی تەبلیغی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان پشتگیری خۆیان بۆ ڕاسانی ڕۆژهەڵات و درێژەدان بە ڕێبازی شەهیدانی ڕاسان دووپات کردەوە.ئەندامان و دڵسۆزانی دێموکرات لە "سەردەرئاوە" لە نزیک تەرەغەی هەمیشە سەربەرزی دێموکرات چالاکییان بەڕێوەبرد و بە نووسینی دروشمی وەک "بژی ڕاسان" پێشوازییان لە وەرزی نوێی ڕاسان کرد.تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری سەرپێڵی زەهاویش زۆربەی کۆڵان و گەڕەکەکانی ئەم شارەیان بە ئاڵای کوردستان و یوبیلی زێڕینی حیزبی دێموکرات ڕازاندەوە کە بووە هۆی خۆشحاڵی خەڵکی ناوچە.

لە تەنگیسەری هەمیشە دێموکراتدا ڕێبوارانی بەئەمەگی حیزب کە ماوەیەک پێش ئێستا ئاڵایەکی کوردستانیان لە بەرزاییەکانی تەنگیسەر هەڵدابوو، کاتێ بینیان هێزە دژی گەلییەکانی ڕژیم ئەو ئاڵایەیان داگرتوە، دوبارە ئاڵایەکی دیکەیان هەر لەو شوێنەدا هەڵدا و کردیان بە چقڵی چاوی دوژمنان. هەروەها ئەندامان و دڵسۆزانی دێموکرات لە دیواندەرە چالاکییان بەڕێوەبرد و بە نووسینی دروشمی وەک "بژی ڕاسان" پێشوازییان لە وەرزی نوێی ڕاسان کرد.

ئەم چالاکییانە دوابەدوای ئەوە ئەنجام دراون کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سپای پاسدارانی ڕێژیم بەردەوام سەرقاڵی گواستنەوەی هێز و چەکوچۆڵی نوێ بۆ شارەکانی کوردستان بووە و بەمشێوەیە کەشێکی تەواو ئەمنیەتی ساز کردووە.

# نوێنەری حیزبی دێموکرات بەشداریی لە کۆنفرانسی مێژوویەک لە پێوەندییەکانی نێوان ئامریکا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کرد

"محەممەد ساڵح قادری" بەرپرسی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لە هەولێر، بەشداریی لە کۆنفرانسی مێژوویەک لە پێوەندییەکانی نێوان ئامریکا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ی هەتاوی، لەسەر بانگهێشتی فەرمیی پەیمانگەی فەڕانسەوی لە هەولێر، "محەممەد ساڵح قادری بەرپرسی دەفتەری نوێنەراتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەولێر بەشداریی لە کۆنفڕانسی "مێژوویەک لە پێوەندییەکانی نێوان ئامریکا و ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست"دا کرد.

ئەو کۆنفڕانسە لە لایەن "جۆن پییێر فیلیو" ئاکادیمیست، ڕاوێژکار و دیپلۆماتکاری فەڕانسەوی پێشکەش کرا و ناوبراو تیشکی خستە سەر مێژووی پێوەندییەکانی ئامریکا لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە لە دامەزرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکاوە تا ئێستا لە قۆناغە جیاجیاکاندا لەگەڵ هەر کام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە تایبەت لیبی، عێراق و سووریە، و دەرئەنجامی ئەو سیاسەتانەی ئامریکا لە سەر هەرکام لەم وڵاتانە لە ڕابردوو و ئێستادا کە بەهۆی نەبوونی ستراتژییەکی ڕوون و لەبەرچاو نەگرتنی ویستی خەڵک، دەرفەتی بە دیکتاتۆرەکان داوە کە ژیانی خەڵکی خۆیان بەرەو نەهامەتی بەرن.

لەم کۆنفڕانسەدا نوێنەری حیزبی دێموکرات چاوی بە چەند کەسایەتی و دیپلۆماتکاری بیانی کەوت و لە پێوەندی لەگەڵ خەباتی حیزبی دێموکرات و دیکتاتۆریی ڕێژیمی کوماری ئیسلامیی ئێران قسەی کرد.

# ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی تەشکیلات لە پەیوەندی لە گەڵ هێرش بۆ سەر کۆڵبەرانی کورد لە ناوچە سنوورییەکان



بۆ بیروڕای گشتی!

هەر وەک ئاگادارن، لە درێژەی سیاسەتی سەرکوت و داپڵۆسینی هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئێوارەی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٦ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ی هەتاوی، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری شاری سەردەشت، کەوتنە بەر پەلاماری هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیمی ئێران و لە ئاکامدا چەند کۆڵبەری کورد کوژران و بریندار بوون.

ئەم هێرشە نامرۆڤانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، هەر چەند یەکەم جار و دوایین جار نییە کە ڕووبەڕووی خەڵکی کاسبکار و بێدەرەتانی ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێتەوە و مافی ژیانیان لێ زەوت دەکات، لە ڕاستیدا درێژەی سەرکوتی سیستماتیکی گەلی بەشخوراو و ماف زەوت کراوی کوردە بە هەموو چین و توێژەکانیەوە.

بەردەوامیی ئەم سیاسەتە نامرۆڤانە و دژی گەلییە لە کاتێکدایە کە؛ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە درێژایی تەمەنی نگریسی خۆی، نان و ئازادیی زەوت کردووە و لە ئێستاشدا خەریکی چەواشەکاری و بەڕێوەبردنی شانۆی بەناو هەڵبژاردنە لە ئێراندا. گومانێک لەوەدا نییە کە هەموو تاکێکی ئازادیخواز و سەرجەم نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، چیدی نابێ بەرانبەر بەم بێمافییە و بێبەری بوونە لە ژیان و نان و ئازادیی و کەرامەتی مرۆیی خۆیان، بێدەنگی هەڵبژێرن. ئەرکی، شۆڕشگێڕی و ئازادیخوازانەی هەر تاکێکی کوردە کە بەرانبەر بە سیاسەتی دوژمنکارانە و مرۆڤکوژانەی کۆماری ئیسلامی دەنگ هەڵبڕن و بە هەر شێوەیێک کە بۆیان دەکرێ بەرەنگاری ئەم ڕێژیمە ببنەوە.

سیاسەتی قیزەون و نائینسانیی لێ ئەستاندنی مافی ژیان لە هەر شێوەیەکدا بێت، مەحکوومە و دژ بە سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤە. لێرەوە داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ دەکەین بەرپەرچی ئەم سیاسەتەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بدەنەوە. چاوەڕوانیشمان لە سەرجەم چالاکان، هەڵسووڕاوان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان ئەوەیە کە؛ سیاسەتی هێرش بۆ سەر کۆڵبەران و خەڵکی کاسبکاری ناوچە سنوورییەکان مەحکوم بکەن و سیاسەتی سەرکوتکارانەی ئەم ڕێژیمە لەقاو بدەن.

داواکارین، سەرجەم چالاکان، تێکۆشەران و هەموو تاکێکی کۆمەڵگای کوردستان، بە هەست بە بەرپرسایەتی و ئەرکی نیشتمانی و مافخوازانەی خۆیان، لە بەرانبەر ڕێژیمێکدا کە ڕۆژانە نان و ئازادییەکان زەوت دەکات، هەڵوێست و نارەزایەتیی خۆیان دەرببڕن و یەکڕیز و یەکگرتوو، هەوڵی دەستەبەرکردنی مافی ئازادی و ژیان و پاراستنی کەرامەتی مرۆیی خۆیان بدەن و زیاتر لە هەموو کاتێک ڕیزەکانی خەبات پتەوتر بکەن.

حیزبی دێموکراتی
کوردستانی ئێران
کۆمیسیۆنی تەشکیلات
٢٧ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ی
هەتاوی

# هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بەشداریی لە ڕێوڕەسمی ١٢ ساڵەی هەڵبژاردنی جەلال تاڵەبانی بۆ سەرکۆماری عێراقدا کرد

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی "تەیموور مستەفایی" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەشداریی لە ڕێوڕەسمی ١٢ ساڵەی هەڵبژاردنی مام جەلال تاڵەبانی بۆ سەرکۆماریی عێراق کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ی هەتاوی، لەسەر بانگهێشتی فەرمیی نوسینگەی تەق تەق، مەڵبەندی ١٤ی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی "تەیموور مستەفایی" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، بەشداریی لە ڕێوڕەسمی یادی ١٢ساڵەی هەڵبژاردنی مام جەلال تاڵەبانی وەک سەرکۆماری عێراقی فێدراڵدا کرد. سەرەتای ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و لە هەمانکاتدا هەڵدانی ئاڵای پیرۆزی کوردستان دەستی پێکرد و دواتر نوێنەری هەریەک لە نوسینگەی تەق تەقی (ی.ن.ک) و بەڕێوەبەری ناحیەی تەق تەق و هەروەها "ڕەهبەر سەید برایم" ئەندامی سەرکردایەتی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و "سەرکەوت ڕەسووڵ" قایمقامی قەزای کۆیە، وتارەکانیان بەو بۆنەوە پێشکەش کرد.

لە نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکەدا بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمەکەوە سپاس و پێزانینی خۆیان پێشکەش بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد کە وێڕای بەشداریی هەیئەتی حیزب، پەیامی پیرۆزباییان ئاراستەی بەشداران و بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمەکە کردبوو.

# هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات لە سێمینارێکی دانشسەرای فەڕانسەدا بەشداریی کرد

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی "محەممەد نەزیف قادری" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، لە سێمینارێکی دانشسەرای فەڕانسەدا بەشداریی کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ی هەتاوی، لە سەر بانگهێشتی فەرمیی دانشسەرای فەڕانسەوی بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک لە هەولێر، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی "محەممەد نەزیف قادری" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە سێمینارێکی ئەو دانشسەرایەدا کە بۆ دوکتور "سیریل ڕوسیڵ" دۆکتۆرا لە جوغرافیا و توێژەر لە CNRS ڕێکخرابوو بەشداریی کرد.

ئەو سێمینارە تایبەت بوو بە نەخشەسازیی کوردستانی عێراق، و توێژەر لە چەندین ڕەهەندەوە هەوڵی دا کێشەی سنوور و بابەتە پەیوەندیدارەکان بە ویستی زۆربەی دانیشتوان لە عێراق و کوردستان، ڕوون بکاتەوە.

توێژەر باسی لەوە کرد کە؛ کوردەکانی عێراق هیواخوازن سەرچاوەی وزەی کانگا سروشتییەکانیان بەکار بهێنن بۆ بونیادنانی بناغەیەکی بەهێز بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆیان.

لە ڕاستیدا ڕوویەکی نوێی باشووری کوردستانی لەم کاتە هەستیارەدا نیشان دا.

لە پەراوێزی سێمینارەکەدا هەیئەتی حیزبی دێموکرات چاوی بە نوێنەر و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی بەشدار لە سێمینارەکەدا کەوت و سپاس و پێزانینی خۆیان پێشکەش بە دانشسەرای فەڕانسەوی لە هەولێر و کۆڕگێڕی سێمینارەکە کرد.

# ڕاسان تەنگی بە سپای پاسداران هەڵچنیوە

پاش پێشوازیی بێوێنەی خەڵکی کوردستان لە خەباتی نوێی ڕۆژهەڵات و ئەنجامدانی چالاکیی جۆراوجۆر بۆ پشتگیری لە ڕاسان، بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم پەلاماری خەڵک دەدەن.

چەکدارە خۆفرۆشەکانی ناوچەی سەقز لەلایەن سپای تێرۆریستی پاسدارانەوە لە دژی خەڵکی ناوچە دنە دراون و لە تاو ڕاسان کەوتوونەتە وزەی خەڵکی ئاسایی.

بەپێی دوایین هەواڵەکان، چەند ڕۆژ پێش ئێستا بەکرێگیراوەکانی سەر بە سپای بەدناوی پاسداران لە گوندی "پارسانیان"ی سەر بە شاری سەقز کۆبوونەوەی زۆرەملییان بۆ خەڵک بەڕێوە بردووە و بە گوشارهێنان بۆیان، داوای زانیارییان لەسەر ئەو کەسانە کردووە کە بە ئەنجامدانی چالاکیی تەبلیغی پشتیوانی لە ڕاسان و خەباتی نوێی ڕۆژهەڵات دەکەن.

پاش کاتژمێرێک مشت و مڕ لە نێوان خەڵک و چەکدارە کاسەلێسەکان، خەڵک لێیان ڕاساون و پاش سووکایەتی پێکردن، پێیان وتوون ئێوە ناتوان پێش بە شەپۆلی زەریا بگرن.

ئەمە یەکەمجار نییە کە ڕێژیم لە شارەکانی کوردستان بەمشێوەیە تەنگەتاوبوونی خۆی دەردەخات و پێشتریش لە چەندین شوێنی دیکەی کوردستان لەوانە نەغەدە، مەهاباد، کامیاران و چەندین ناوچەی دیکە زراوچوونی خۆی لە ڕاسان و دەرەنجامەکانی پیشان داوە؛ ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ ناردنی بەردەوامی چەکوچۆڵ و هێزی سەربازیی نوێ بۆ شارەکانی کوردستان و تەیارکردنی زیاتری مۆڵگە پڕ لە شوورەییەکانیان.

# پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکراتماڵئاوایی لە ژیان کرد



مام "ئەحمەد شەریفی" پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٨ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ی هەتاوی، مام "ئەحمەد شەریفی" ناسراو بە "ڕەحمان قەڵغانی" خەڵکی شاری "نەغەدە" پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی نەخۆشی لە ناوەندی ٣ی کوردستان دڵی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت.

برایەکی مام ئەحمەد بە ناوی "سەعید شەریفی" بە دەستی ڕێژیمی جینایەتکاری ئێران شەهید بووە.

بنەماڵەی مام ئەحمەد بنەماڵەیەکی دێموکرات و نیشتمانپەروەرن، مام ئەحمەد لە سەرەتای شۆڕشەوە تێکەڵ بە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتی بوو و تا دوا هەناسەکانی وەفادار بە ڕێبازی شەهیدان مایەوە.

ناوبراو لە تەمەنی پێشمەرگایەتیدا لە بنکەی کۆمیتەی شارستانی نەغەدە، بنکەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و بنکەی زیندانی ناوەندی حیزب لە قەندیل خزمەتی کردووە.

مام ئەحمەد کەسێکی ڕوو خۆش و جێگای متمانەی کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزب بوو و تەرمی ناوبراو لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوەندی ٣ی کوردستان بە خاک سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# حەسەن شەرەفی: مالیکی بەهۆی شکستی پرۆژەکەی بۆ دەرکردنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بانگهێشتی ئێران دەکرێت



حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئاماژە بەوە دەکات کە؛ پرۆژەکەی نووری مالیکی بەکوێی دەنگی حیزبەکانی کوردستان و دڵسۆزانی دیکە شکستی هێناوە، بۆیە بۆ ئەستۆ پاکیی خۆی بۆ ئێران دەچێت.

حەسەن شەرەفی، لە وتووێژێکدا لەگەڵ هەواڵدەریی "باسنیوز" ڕایگەیاندووە: "دوای ئەوەی نووری مالیکی لە دەرکردنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خاکی هەرێمی کوردستان شکستی هێنا، بڕیارە بانگهێتشی ئێران بکرێت و لەوێ پاساوی خۆی بۆ ئێران بێنێتەوە کە بۆچی شکستی هێناوە".

شەرەفی هەروەها باسی لەوە کردووە کە: " لەوە دەچێت نووری مالیکی ئەمجارە لە ئێران ڕاشکاوانە بڵێت کە حیزبەکانی کوردستان لەدژی پرۆژەکە بوون و نەیانهێشت بێتە ئەنجومەنی نوێنەران، دەنا ئەوەی لە توانایدا بووە لەسەر ئەو پرسە ئەنجامی داوە و ئێستاش کە ئەو پرۆژەیە سەری نەگرتووە، ئەوە هیچ بەرپرسیاریەتیەکی ئەوی تێدا نییە".

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەوەشی خستەڕوو؛ "سەرجەم حیزبەکانی کوردستان لەدژی پرۆژەکە بوون، بۆیە ڕێگا نەدرا بە سیاسەتی ئێران ئەو حیزبانە لە عێراق دەربکرێن و بانگهێشتی نووری مالکییش بۆ لێپرسینەوە بووە لەو پرۆژەیە."

# کۆدەنگی ئامریکاییەکان لەدژی ڕێژیم بەهێزتر دەبێت




وەزیرانی دەرەوە، خەزێنەداری و بەرگریی ئامریکا وێڕای کۆشکی سپی هەر کام بەشێوازێک باسیان لە زیاتر کردنی گوشارەکان بۆ سەر ڕێژیمی تاران کرد.

ڕێکس تیلێرسۆن وەزیری دەرەوەی ئامریکا لە نامەیەکدا بۆ پۆل ڕایان سەرۆکی مەجلیسی نوێنەرانی ئامریکا بە ڕێکەوتی ٢٩ی خاکەلێوە، جارێکی دیکە باسی لەوە کردووە کە کۆماری ئیسلامی یەکێکە لە پشتیوانانی سەرەکیی تێرۆریزم و ئەمەش جێگەی قبووڵ کردن نییە.

لەلایەکی دیکەوە "ستیڤێن مێنۆچین" وەزیری خەزێنەداری ئامریکا لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی "فاینێنشناڵ تایمز"ی بریتانیا ڕایگەیاند؛ گەمارۆکانی ئامریکا بۆ سەر ڕێژیمی تاران و کۆرەی باکوور گرینگ بوون و لەگەڵ ئەوەیکە کاریگەریی خۆیان هەبووە لە داهاتووشدا زیاتر دەکرێن.

ناوبراو وتوویەتی: ئێمە لە حەوتووی ڕابردوودا کۆمەڵێک گەمارۆمان خستە سەر ئێران بەهۆی پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤەوە؛ لە داهاتوویەکی نیزیکیشدا ڕێژەی گەمارۆکان لەم چوارچێوەدا زیاتر دەکەین.

"ژێنێراڵ جێیمز مەتیس" وەزیری بەرگریی ئامریکاش لە کاتی سەفەر بۆ عەرەبستانی سعودی باسی لە قەیرانی حوسییەکانی یەمەن کرد و وتی: ئەو مووشەکانەی کە حوسییەکان لە دژی سعودیە کەڵکی لێوەردەگرن درووستکراوی دەستی ئێرانن؛ بۆیە پێویستە دەستی ئێران لەم قەیرانە کورت بکرێتەوە.

ئاسۆشیتێدپرێس سەبارەت بەم سەفەرەی وەزیری بەرگری ڕایگەیاندووە؛ ناوبراو لە سەفەرەکەیدا کە چەند وڵاتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لەخۆ دەگرێت، بە جیددی لەسەر شێوازی خەبات بەدژی تێرۆریزم کار دەکات و هەندێک گەڵاڵەی نوێیش لەمبارەوە دەخاتە ڕوو.

ئەم لێدوانانەی وەزیرانی ئامریکا سەبارەت بە ئێران هاوکاتن لەگەڵ هەوڵەکانی کۆشکی سپی کە بەوتەی گۆڤاری "فارێن پالیسی" لە ڕاستای تاوتوێ کردنی گەمارۆی نوێ و توندتر بەتایبەت لەدژی سپای پاسدارانی ڕێژیمدایە.

بەپێی ئەم راپۆرتە ئیدارەی نوێی واشنگتۆن سوورە لەسەر ئەوەیکە گەمارۆ ئابوورییەکان لەدژی تاران زیاتر بکرێت؛ ئەمەش بۆ کورت کردنەوەی دەستی ئێران لە دەستێوەردانە ناوچەییەکان، سازکردنی مووشەکی بالێستیک و هاوکاری کردنی لایەنە توندڕەوەکانە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا جەندین سێناتۆر و سیاسەتدارێژی ئامریکایی لە گەڵاڵەی هاوشێوە و جیا لە یەکدا داوایان لە لێپرسراوان و بەشە پێوەندیدارەکانی ئامریکا کردووە کە؛ زەخت و گوشارەکانیان بۆ بەچۆکداهێنانی کۆماری ئیسلامی زیاتر بکەن و بە جدییەتێکی زیاترەوە لەم ڕاستایەدا هەنگاو بنێن.

### درێژەی پەیڤ

بیپووکێنێتەوە و ئەو قەڵایە داتەپێنێ و لە سەر وێرانەی ئەو قەڵا، حوسەینیەی جەماران کۆپی بکا.

ئەم پیلانە بەتایبەت لە سەردەمی تیاتری بەناو هەڵبژاردنەکاندا زەقتر دەبێتەوە و دەیانەوێ کورد بە کایەی ئێعتداڵی و چاکسزایخوازیی ئیسلامی و ئوسوولگەرا و ... سەرقاڵ بکەن و کاتێک وشیار بنەوە کە ببینن لە نێو گەمەیەکی دیاریکراوی سەرانی جەماران و قومدا هەڵخەڵەتێندراو بوون و ناسنامەی سیاسیی کوردستان و کورد کە قەڵای بەرخۆدانی نەتەوەیی و ئازادیخوازییە دەستەمۆ بکەن.

جیهادی سپیی ڕێژیمی ئیسلامیی تاران، درێژەی فەرمانی جەهادی خومەینیە کە بە شێوەی سەربازی کوردستانیان داگیر کرد و بە پیلانی سیاسی دەیانەوێ ئیرادەی خۆڕاگری لە کوردستاندا بە چۆکدا بێنن.

# شار مێحوەری ڕاسان

ئیدریس ئەحمەدی




بە بەراورد لە گەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان، ڕۆژهەڵات — کە بە پێی پانتایی جوگرافی و حەشیمەت، دووهەمین بەشی کوردستانە— لە دوو دەیەیی ڕابردوودا تووشی نسکۆ هاتبوو. لە دوو ساڵی ڕابردوودا، ڕاسان ئەو دۆخەی گۆڕی.

ڕاسان نەک تەنیا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی بووژاندەوە، بەڵکوو سەلماندی کە دانانی خەباتی چەکدارانە و تێکۆشانی مەدەنی لە بەرانبەر یەکتردا، کارێکی چەوتە. چەند ساڵێک بوو، زۆر لایەن سەرقاڵی باسێکی بێهوودە بوون سەبارەت بەوەی ئایا بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵات، خەباتی چەکدارانە بەرپابکاتەوە یان تێکۆشانی مەدەنی بکا. لە ڕاساندا، ئامادەبوونی پێشمەرگە لە نێو خەڵک و خەباتی شار، تەواوکەری یەکتر دەبن. خاڵی دەسپێکی ڕاسان، لە ڕووی تیۆرییەوە، دانپێدانانە بە دەوری هێز وەک فاکتەری یەکلاکەرەوە لە سیاسەتدا. ئەم بۆچوونە واقعبین یان ڕیالیستانە دەبێ لە بەر تیشکی بەستێنی سیاسی پاش شەڕی سارد و زاڵبوونی فکری لیبراڵی لێک بدرێتەوە. بیرمەندانی لیبراڵیزم، هەروەها حیزبە لیبراڵ و سۆسیالدێموکراتەکانی ئەمریکا و ئورووپا خۆشبین بوون بەوەی کە پاش کۆتایهاتنی شەڕی سارد، هێز لە سیاسەتدا یەکلاکەرەوە نەبێ، بەڵکوو دیالۆگ، دیپلۆماسی و دامەزراوەی دێموکراتیک لە ئاست نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا جێگای هێزی نیزامی بگرنەوە. بۆ نموونە، یەکیەتی ئورووپا لە سەر بنەمای ئەو فکرە لیبراڵە دامەزرا. بە سەرنجدان بە بڵاوکراوەکانی حیزبی دێموکرات، دەبینین ئەو حیزبە لە ساڵەکانی نەوەد بەدواوە، ئەو جۆرە خۆشبینییەی لا دروست ببو. بەڵام هەروەک چۆن لە ڕۆژئاوادا ئەو خۆشبینییە هاتووەتە ژێر پرسیار — ئەویش پاش درێژەکێشان و ئاڵۆزبوونی کێشە نێودەوڵەتییەکان و بەتایبەت گەڕانەوەی ڕووسییە وەک زلهێزێک کە هێزی نیزامی بۆ ئامانجە جێوسیاسییەکانی بە بەربڵاوی بەکار دەبا— سرووشتییە حیزبی دێموکراتیش پێداچوونەوە بەو مەسەلەیەدا بکا. بەرپابوونی ڕاسان، بە مانایەک، کۆتایی هاتنی قۆناغی خۆشباوەڕیی دوو دەیەی ڕابردووی حیزبی دێموکراتە. بەدەر لەو ڕەوتە جیهانییە و باندۆڕی وی لەسەر حیزبی دێموکرات، هۆی کۆتایی هاتنی ئەو قۆناغە لە سیاسەتی حیزبی دێموکراتدا، زۆر سانایە. ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران هەر ڕەگەزپەرەست، تایفەگەرا، چەوسێنەر، تیرۆریستپەروەر ماوەتەوە و بگرە دڕندەتر و بەهێزتریش بووە لە ماوەی ئەو ٣٨ ساڵەی ڕابردوودا. هەڵبەت کۆتایی هاتنی ئەو قۆناغە لە سیاسەتی حیزبی دێموکراتدا، بە واتای واز هێنانی ئەو حیزبە نییە لە بەهاگەلێک وەک مافی مرۆڤ و دێموکراسی؛ بەڵکوو، بە واتای دەرک کردنی دەوری ناوەندیی هێزە لە سیاسەتدا. ئامانجی سەرکردایەتی دێموکرات بەهێزکردنەوەی حیزبەکەیانە بۆ ئەوەی وەکوو چەند دەیەی ڕابردوو، دەوری ئەکتەرێکی بەهێزی جێوسیاسی لە کوردستان و ئێران و هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی ناوینیشدا ببینێ. هەروەها لە جێی خۆیدایە ئاماژە بەوە بدرێ کە حیزبی دێموکرات پێناسەیەکی بەرینتری لە "هێز" هەیە لەوەی کە لە تیۆری ڕیالیستیدا باوە. ڕیالیستەکان هێز وەک دیاردەیەکی ماددیی چاو لێ دەکەن و ڕایان وایە کە لە بنەڕەتدا بریتییە لە فاکتەری ئابووری، جوگرافی، ژماری دانیشتوانی وڵاتێک و بە تایبەت توانایی نیزامی ئەکتەرێکی سیاسی.

لە ڕاساندا، هێزی بزووتنەوەی کورد هەم ماددیی و هەمیش غەیرە ماددییە، یان با بڵێین مەعنەویشە. لە پێش هەموو شتێکدا، ڕەوا بوونی مەسەلەی کورد، بۆ خۆی سەرچاوەی هێزە. ئەگەر مەسەلەی کورد ڕەوا نەبا، نە پێشمەرگە و نە خەڵکی مەدەنیی کوردستان ئامادە نەدەبوون گیانی خۆیانی بۆ فیدا بکەن؛ بێ گومان، دونیای دەرەوەش گوێی بە داخوازییەکانی بزووتنەوەی کورد نەدەدا. ئەو خەباتە ئەگەر ڕەوا نەبا، ئەو هەموو ساڵە بەردەوامییەی بە خۆیەوە نەدەبینی. جێگای ئاماژەیە کە حیزبی دێموکرات، دوو تەمەنی کۆماری ئیسلامیی هەیە. لە لایەکی دیکەوە، ئێران بەردەوام سیاسەتی نکۆڵی کردن و داپڵۆساندنی لە هەمبەر گەلی کورد گرتووەتە پێش. ئەمەش ناڕەوابوونی سیاسەتی دەوڵەتی ئێران دەسەلمێنێ، چوونکە ئەگەر وا نەبا، پێویستی بە بەکاربردنی ئەو هەموو زەبروزەنگە نەدەکرد.

دووهەم، بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵات، هێزی پێشمەرگەی هەیە. پێشمەرگە هێزێکە کە لە پێناو مەسەلەیەکی ڕەوادا، دژوارترین شێوەی ژیان تەحەمول دەکا و ئامادەیە گیانی خۆی بۆ ڕزگاریی نەتەوەیەکی زوڵملێکراو بەخت بکا. ڕەوابوونی مەسەلەی کورد سەرچاوەیەکی بەهێزی ئەخلاقی و سیاسییە کە ئەوەندە وربەخشە، دەتوانێ قەرەبووی نەبوونی هێزی نیزامی هاوتای دەوڵەتی ئێران بکاتەوە — واتە، ئەو سەدان هەزار سەربازە، یان چەکی قورس و هێزی هەواییەی کە لە دەستیدایە.

سێهەم، بزووتنەوەی کورد خاوەنی هێزی جەماوەرییە. وێڕای پێشمەرگە، جەماوەر گرنگترین سەرچاوەی هێزی بزووتنەوەی کوردە لە ڕۆژهەڵات. ئەو هێزە کاتێک شوێندانەر دەبێ کە خەڵکی کوردستان بە گوێرەی هۆشیاری و بەرژەوەندیی نەتەوایەتی بجوڵێنەوە. ڕاسان ئامانجی زیندوڕاگرتن و پەرەپێدانی هۆشیاریی نەتەوایەتییە. یەکێک لە پێشمەرجەکانی سەرکەوتنی خەباتی جەماوەری، کە ئەویش بە نۆرەی خۆی دەبێ وەک پرۆسەیەک چاوی لێ بکرێ، دەرک کردنی سرووشتی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامییە و لە درێژەی ئەو دەرکەدا، لەقاودان و ڕاوەستانە لە بەرانبەر سیاسەتە دزێوەکانی ئەو ڕێژیمەدا.

بە پێچەوانەی زۆر قۆناغی دیکەی خەبات لە مێژووی بزووتنەوەی کورددا، ڕاسان چاوەڕوانی هەڵکەوتنی دەرفەتی لەبار نەبوو، بەڵکوو هەوڵێکی دەسپێشخەرانەیە بۆ خولقاندنی دەرفەت. دەکرا ڕاسان پێشتر بەرپا کرابا، بەڵام کۆمەڵێک فاکتەری دەروون ڕێکخراوەیی و جێوسیاسی وایان کرد بەرپابوونی ڕاسان، تاکوو ٢٠١٥ بخایەنێ.

ئێرە جێگای باسکردنی ئەو فاکتەرانە نییە، بەڵام هۆی گرنگیدان بە خەباتی شار دەگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی خێرابوون و بەربڵاوبوونی پرۆسەی شارنشینی لە ڕۆژهەڵات لە چەند دەیەیی ڕابردوودا. ڕاستە، لە قۆناغی دەسپێکی ڕاساندا، پێشمەرگە و خەباتی شاخ ئەساس بوون، بەڵام ڕاسان لە گەڵ ئەوەی بەردەوامیی خەباتی چەندەین دەیەی حیزبی دێموکراتە، هاوکات قۆناغێکی نوێیە لە تێکۆشان کە دەکرێ بڵێین شارمێحوەرە. ڕاسان ئامانجی کورتمەودا و دوورمەودای هەیە. ئامانجی دوورمەودای ڕاسان وەدەستهێنانی سەروەرییە بۆ نەتەوەی کورد لە سەر خاکی خۆی، هەڵبەت بە گوێرەی بەرنامەی سیاسیی ئێستای حیزبی دێموکرات، سەروەرییەکی ڕێژەیی یان سنووردار لە چوارچێوەی ئێرانێکی فێدراڵدا. ئەو ئامانجە پێشتر خودموختاریی بوو. دەکرێ دیسان بگۆڕدرێ. بەڵام ئامانجی کورتمەودا یان دروسترە بڵێین نێوانمەودای (midterm) ڕاسان ئەوەیە کە لە ڕێگای تێکۆشان و فیداکاریی هێزی پێشمەرگەوە، شار بجووڵێ و هێزی جەماوەری شار ڕێکبخرێ تاکوو خەباتێکی بەرفراوانی مەدەنی بێتە ئاراوە. ڕاسان تاکوو ئێستا کۆمەڵێک دەسکەوتی هەبووە. فیداکاری و قوربانیدانی پێشمەرگە بووەتە هۆی ئەوەی دیسان لە دونیادا باسی مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵات بکرێ، بەڵام لەوەش گرنگتر، خەڵکی کوردستان هیوای بە ڕزگارییان بۆ بگەڕێتەوە. کردنەوەی باوەش بۆ پێشمەرگە لە دوو ساڵی ڕابردوودا، داخستنی بازاڕ لە ٢٢ی پوشپەڕی ساڵی ڕابردوودا و بەڕێوەبردنی کەمپەینی "جامانەکان" لە نەورۆزی ئەوساڵدا، هەموو گوزارشتن لە جەماوەرییبوون و شارمێحوەریی ڕاسان. ئەگەر دوای شۆڕش پێشمەرگە ناچار بوو شار چۆڵ بکا بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی وێرانیان نەکا و خەڵکی مەدەنی نەکوژرێن، ئەوڕۆ پێشمەرگە، وەک هێزی بزوێنەر و هیوابەخش، گەڕاوەتەوە بۆ نێو شار.

لە ڕابردوودا، قورسایی خەبات لە سەر گوندەکانی کوردستان بوو. ئێستا ڕاسان ئەو قورساییە دەخاتە سەر شانی شار. هەڵبەت ئەمە بە واتای ئەوە نییە حەتمەن شار دەبێ قوربانیی گیانیی بدا بۆ ئەوەی ڕاسان بە ئامانجەکانی بگا. بێ گومان، ڕاسان قوربانیی دەوێ؛ هەم لای پێشمەرگە، هەمیش لای خەڵکی مەدەنی لە گوند و شار. بەڵام ڕاسان هەمیشە هەوڵی ئەوەیە زۆرترین دەسکەوت بە کەمترین تێچووی گیانی مسۆگەر بکا. لێرەدایە کە خوێندنەوەیەکی نوێ و بەردەوام لە سیاسەت و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی کۆماری ئیسلامی پێویستە. سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بریتییە لە نکۆڵی کردن لە ناسنامە و مافەکانی نەتەوەی کورد، هەروەها بەتاڵانبردنی سامانی کوردستان و بەکۆیلەکردنی گەلی کوردە. لە بنەڕەتدا، کۆماری ئیسلامی سیاسەتی داگیرکردنی کوردستان و چەوساندنەوەی گەلی کورد لە ڕێگای هێزی نیزامی و داپڵۆسێنەرەوە دەباتە پێش. خاڵی بەهێزی کۆماری ئیسلامیش، هەر ئەو هێزە نیزامیی و داپڵۆسێنەرەیە کە لەبەردەستیدایە. هاوکات هێزی نیزامی و داپڵۆسێنەری کۆماری ئیسلامی، خاڵی لاوازی ئەو ڕێژیمەیە. ئەو هێزەی کۆماری ئیسلامی وەک خەنجەری دووسەر وایە، چەندە لە گەلی کورد دەدا، ئەوەندەش لە هەیمەنەی خۆی دەدا. بۆیە، کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خەڵکی کوردستاندایە بۆ ئەوەی ناچار نەبێ بەردەوام و بەربڵاو، کەڵک لە هێزی نیزامی و داپڵۆسێنەر وەرگرێ.لە پێناو وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی گەلی کورددا، کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای کۆمەڵێک دامەزراوەوە (لەوانە قوتابخانە، ڕاگەیاندن، مزگەوت، "هەڵبژاردن" و... هتد)، هەوڵی بەردەوام و دزێو دەدا تاکوو خەڵک وادار بکا ڕاستییەکان وەک خۆیان نەبینن. بۆ ئەم مەبەستەش، دەبێ بەردەوام واقعییەت چەواشە بکا و لە ڕێگای پڕوپاگەندەی جۆراوجۆرەوە، خەڵکی کوردستان لە ئاوەزمەندی دوور دەخاتەوە. واتە، کۆماری ئیسلامی دەیەوێ خەڵکی کوردستان وادار بکا کە کۆیلەبوونی خۆیان و بەتاڵان بردنی سامانی خاکەکیان نەبینن، یان ئەوەی نەیهێننە ژێر پرسیار. ئەو دامەزراوانەی کە لەبەردەستیدان، کارکردیان وەکوو ماددەی هۆشبەر وایە، ئامانجیان ئەوەیە گەلی کوردستان ساحێبی ئاوەزی خۆیان نەبن یان ئەوەی لەئاوەزیان دابڕێت.

ئەوڕۆ هێزێکی داگیرکەر بەزۆرەملێ و بە شێوەی جۆراوجۆر و پڕ لە سووکایەتی پێناسەی گەلی کورد دەکا؛ بۆ نموونە، وەک "قەوم"، "قەبیلە"، "ئێرانی"، "سنوورپارێز"، "پەراوێزنشین"و... هتد. هاوکات خۆی بەخاوەنداری خاکی کوردستان دەزانێ. ئەگەریش هەر چەشنە خەباتێک دژ بەم زوڵمە بکرێ، دەیخاتە خانەی "جوداخوازییەوە" و بە زەبروزەنگی هۆڤانە وەڵامی ئەو خەباتە دەداتەوە. دەیەوێ داگیرکاریی خۆی بشارێتەوە و نۆرمالیزەی بکا، بەڵام خەباتی گەلی کورد بۆ ڕزگاری و سەروەری لە سەر خاکی خۆی کردووە بە تاوان. بۆ ئەوەی ناچار نەبێ بەردەوام و بەربڵاو هێزی زۆر بەکار ببا، دەیەوێ خەڵکی کوردستان ناسیۆنالیزمی فارس و دەسەڵاتی ئیسلامی ڕەزامەندانە پەسەند بکەن. یەکێک لە فێڵە دزێوەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی هەموو دانیشتوانی ئێران، ڕێکخستنی "هەڵبژاردنە". ڕاستییەکەی، ئەوە دزێوترین شێوەی وادارکردنی خەڵکە بەوەی جار لە دوای جار دەنگ بدەن بە دیکتاتۆری، کە هاوکاتیش دەنگدانە بە چەوساندنەوەی خۆیان.

فێڵێکی دیکەی ڕێژیم بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ هەڵبژاردن یان دەنگدان بە دیکتاتۆری، داهێنان و زیندووڕاگرتنی ئەو ئەفسانەیە کە گوایە لە کۆماری ئیسلامیدا، جەناحگەلێک وجوودیان هەیە کە خاوەن سیاسەت و ئایدیۆلۆژیی جیاوازن. ئەمانەی بە "ئیسلاحتەڵەب" و "موحافزەکار"، یان "میانەڕەو" و "ئوسولگەرا" لە قەڵەم داوە. بۆ ئەوەی خەڵک ئاوەزیان نەمێنێ و بیر لەوە نەکەنەوە کە لە ڕاستیدا بە "ئیرادەی" خۆیان (واتە، ئیرادەیەک کە کۆماری ئیسلامی ئەندازیاریەتی) دەنگ دەدەن بە زیندوو ڕاگرتن و شەرعییەتپێدانی ڕێژیمێکی دیکتاتۆری ڕەگەزپەرەست، تایفەگەرا و دژ بە ژن، خەڵک وادار دەکا باوەڕ بەوە بێنن کە بژاردەی ڕاستیەقینەیان لە نێوان "خراپ" و "خراپتردا" هەیە. کاتێک ژنێکی گەنج لە تاران پاش "هەڵبژاردن" بە ڕۆژنامەوانێکی سوئیدی دەڵێ، "دەنگم دا بە خراپەکە بۆ ئەوەی خراپترەکە نەیەتە سەر کار"، ئاوەزی لەدەست داوە، چوونکە نازانێ درێژەدانی دیکتاتۆری و سیاسەتی دژە ژنی هەڵبژاردووە. بە هەمان شێوە، کاتێک ئاماری کۆماری ئیسلامی نیشانی دەدا کە "ئیسلاحتەڵەبێک" وەک خاتەمی یان "میانەڕەوێك" وەک ڕۆحانی، زۆرینەی دەنگیان لە کوردستان وەدەستهێناوە، ئەوانەی دەنگیان پێ داون، ئاوەزیان لەدەست داوە و نازانن دەنگ دەدەن بە ڕێژیمێک کە لە کوردستاندا، سیاسەتی ڕەگەزپەرەستانە و کۆلۆنیالیستانە دەباتە پێش. ڕاستییەکەی، دەنگدانی خەڵک بە "ئیسلاحتەڵەب" و"میانەڕەوەکانی" نێو کۆماری ئیسلامی باشترین بژاردەیە بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی ڕێژیم.

باڵی بەناو ئیسلاحتەڵەب یان میانەڕەو، جیاوازیی لە گەڵ باڵەکانی دیکە لەوەدایە کە دەیانەوێ بە سیاسەتی نەرمی فریوکارانە، کاریگەرانەتر ئاوەزی گەلی کورد بەرن. دەنگدان بەمانە، دەربڕینی "ڕەزامەندییە" بۆ سیاسەتە ڕەگەزپەرەست و کۆلۆنیالیستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان.

لە دوو ساڵی ڕابردوودا، پێشمەرگە قوربانیی بەرچاوی دا. دیسانەوە دەبێ جەخت بکرێتەوە کە لە ڕاساندا، تێکۆشانی پێشمەرگە و خەباتی مەدەنی تەواوکەری یەکتر دەبن. یەکێک لە ماکەکانی خەباتی مەدەنی، بایکۆت کردنی ئەو جۆرە شانۆگەرییە دزێو و چەواشەکارانەیە کە ڕێژیمی ئیسلامی ناوی "هەڵبژاردنی" لەسەر داناوە. ڕاستە کۆماری ئیسلامی هەڕەشەی سزادانی خەڵک دەکا ئەگەر بێتو دەنگ نەدەن، بەڵام ئەو هەڕەشانە نابێ بکرێن بە پاساو بۆ دەنگدان بە کۆماری ئیسلامی، چوونکە ئەگەر بە میلیۆن خەڵک، شانۆگەرییەکانی ڕێژیم بایکۆت بکەن، ناتوانن بەدواداچوون بۆ دەنگ دان یان دەنگ نەدانی ئەو هەموو کەسە بکەن. تەنانەت ئەگەر لە هەر بارودۆخێکدا مرۆڤ ناچار بکرێ دەنگ بدا، خۆ دەکرێ دەنگی سپی بدرێ.

لەو ڕووەوە، کوردستان دەتوانێ سەرچاوەی ئیلهام بێ بۆ گەلانی دیکە لە ئێراندا. بۆیە، لە ساڵانی ڕابردوو گرنگترە کە شانۆگەرییەکانی کۆماری ئیسلامی بایکۆت بکرێ. لە کاتێکدا پێشمەرگە ئامادەیە گیانی خۆی لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەییدا بەخت بکا، بێ گومان کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەتوانن و دەبێ شانۆگەرییەکانی کۆماری ئیسلامی بایکۆت بکەن.

# ڕاسان و ژێئۆپۆلیتیکی ئێران!

**جەمیل کولاهی**

بە درێژایی مێژوو ئەو وڵاتەی کە ئەمڕۆ بە ناوی ئێران دەیناسین، لە باری ژێئۆپۆلیتیکەوە خاون گرینگییەکی تایبەت بووە. داگیرکردنی ئیمپراتووریی ساسانی لە لایەن سوپای عەرەبەکانەوە، گرینگییەکی تایبەتی بۆ سەرخستنی ئیسلام و بە جیهانی کردنی هەبووە و بە بێ تێکشکاندنی ئەو ئیمپراتوورییە ئیسلام نەیدەتوانی بەو شێوەیەی ئەمڕۆ پەلوپۆ بهاوێ! کە دێینە مێژوویەکی زۆر نزیکترەوە، ئیمپراتووریی عوسمانی هەیە کە هەڕەشەی داگیر کردنی ئورووپا دەکا و مەترسییەکی گەورەیە لە سەر ئورووپا! لێرەدا وڵاتانی ئورووپایی بە تایبەتی بریتانیا سپای ئێران پڕچەک دەکەن و دژی عوسمانی کەڵکی لێ وەردەگرن و پارسەنگی هێز ڕادەگرن. ئورووپا لێرەدا لە دژایەتیی مەزهەبی کەڵک وەردەگرێ. واتە سەفەویی شیعە مەزهەب دژی عوسمانیی سۆننە مەزهەب کەڵکی لێ وەردەگیردرێت.

لە سەردەمی شەڕی ساردیشدا ئێران یەکێک لە گرینگترین وڵاتانی پێکهێنەری پشتوێنی ئەمنییەتی بۆ پێشگرتن لە تەشەنە کردنی کۆمۆنیزم بوو کە دژی یەکیەتیی سۆڤییەت پێکهاتبوو!

دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێران و هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ئێران بەرەبەرە گرینگییەکی تایبەتی ژێئۆپۆلیتیک بە دەست دێنێ! ئەم گرینگییە لە بوونی ئیسرائیل لە ناوچەکەدایە! گرینگیی ئێران بۆ ئیسرائیل تا ڕادەیەکە کە لە شەڕی ئێران و عێراقدا بۆ ڕاگرتنی پارسەنگی هێز، ئیسرائیل یارمەتیی ئێران دەدات و چەکی بۆ دەنێرێ! ئێران خاوەن دوو تایبەتمەندیی سەرەکییە کە بۆ ئیسرائیل گرینگە، یەکەم ئەوە کە ناسیونالیزمی زاڵ بە سەر ئێراندا ناسیونالیزمێکی بەرچاوتەنگی دژە عەرەبە و دووهەم ئەوە کە مەزهەبی فەرمیی ئێران شیعەیە و مەزهەبی زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتوانی ئێرانیش شیعەن!

ئەگەر چاوێک بە سەر پێکهاتەی حەشیمەتی وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە تایبەتی دەوروبەری ئیسرائیلدا بخشێنین دەبینین عەرەب و سۆننە مەزهەبن! وڵاتانی ئیسلامی بە تایبەت وڵاتە عەرەبییەکان بە هۆی کێشەی فەلەستین و شەڕەکانی سەدەی پێشووی نێوان ئیسرائیل و عەرەبەوە لە گەڵ ئیسرائیل کێشەیان هەیە و بیروڕای گشتی موسوڵمانەکان دژی ئیسرائیلە! هەر بۆیە لەو ناوچەیە گوشارێکی گەورە لە سەر ئیسرائیلە! بۆ دەرباز بوون لەم گوشارە ئیسرائیل پێویستی بە شوێنێکی دیکەیە کە ئەو گوشارەی لە سەر لا ببات! لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین هیچ وڵاتێکی دیکە لە ئێران باشتر نیە، چوونکە هەم لە باری ناسیۆنالیستی و هەم لە باری مەزهەبییەوە دژی وڵاتانی عەرەبە!

دوو دراوسێی ئێران واتە تالیبان و ڕێژیمی سەددام حسێن لە لایەن ئامریکا و هاوپەیمانانەوە ڕووخێندران، ئەم کارە بوو بە هۆی بەهێزتر بوونی پێگەی ئێران! چوونکە بە پێی ئامارەکان زیاتر لە ٦٠ لە سەدی دانیشتوانی عێراق شیعەن، بەشێک لە دانیشتوانی ئەفغانستانیش شیعەن! جیا لەوە ڕووخانی ڕێژیمی سەددام بووە هۆی ئاسانتر بوونی پێوەندی و ناردنی یارمەتی ئێران بۆ سووریە و لوبنان لە ڕێگەی عێراقەوە! بۆیە ڕووخاندنی دوو ڕێژیمی ڕکابەری ئێران ناتوانێ بە بێ بەرنامە بووبێ! دوای ڕووخانی ئەم دوو ڕێژیمە بەرەبەرە باسێک لە ژێر ناوی چێ بوونی کەوانی شیعە هاتە ئاراوە! ئەم کەوانە لە ئێران، عێراق، سووریە و لوبنان پێک دێ! کە ئێران ڕێبەرایەتی دەکات! واتە پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی نوێ کە لە سەردەمی جۆرج بووشدا باسی لێوە دەکرا، خەریکە پێک دێ کە ئەویش لە سەر ئەساسی دابەشبوونی مەزهەبییە! دۆخەکە بەرەو شوێنێک دەڕوات کە هاوسەنگییەک لە نێوان وڵاتانی سۆننە و کەوانی شیعە پێکبێت. لێرەدا دەبێ ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە ئیسرائیل بە دوو هۆ دژایەتیی پرۆژەی ناوکیی ئێران دەکات؛ یەکەم تێک نەچوونی هاوسەنگیی هێز لە نێوان بەرەی سۆننە و شیعە و دووهەم لە بەرنامەی ئیسرائیلدایە کە ئیزن نەدات بە هیچ وڵاتێکی ئەو ناوچەیە کە لە ئیسرائیل بەهێزتر بێت. هەر بۆیە دەبینین ئیسرائیل هێرش دەکاتە سەر ناوەندی ناوکیی سەددام حسێن و کاولی دەکات، پێش لە بەهاری عەرەبییش ناوەندێکی لە نزیک دەمێشقی پێتەختی سووریە کە گۆمانی دەکرد ناوەندێکی ناوکییە، بۆمباران کرد! بۆیە دژایەتیی ئیسرائیل نەک بە واتای ڕووخاندنی ڕێژیمی ئێران، بەڵکوو بە واتای ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێزە! چوونکە ڕووخاندنی ڕێژیم بە قازانجی ئیسرائیل نیە! ئێستا دۆخێک هاتۆتە ئاراوە کە باس لە هاوپەیمانیی ئیسرائیل و عەرەب دژی کەوانی شیعە دەکرێ! هاوپەیمانییەک کە نە تەنیا گوشارەکان لە سەر ئیسرائیل لا دەبات، بەڵکوو ڕۆڵی هێزێکی ناوچەیی و پارێزەرانە بە ئیسرائیل دەدات. ئێستا هەموو ئەو گوشارانەی کە لە سەر ئیسرائیل بوون بۆ سەر ئێران کاناڵیزە کراون، دۆخێک کە بە تەواوی بە قازانجی ئیسرائیلە و هیچکات بە قەد ئێستا ئەمنییەتی ئیسرائیل چ لە باری سیاسی و ئابووری و چ لە باری نیزامییەوە نەپارێزراوە!

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ڕاسانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە کوێی ئەم هاوکێشانەدایە! ڕێژیمی ئێران و بەشێک لە ئۆپۆزیسیونی ئەم ڕێژیمە هەر لە سەرەتای ڕاسانەوە بە دەسکردی بیانی و بەسراوە بە هێزەکانی دیکە ناویان بردووە. ئەم پڕوپاگەندەیە تەنیا بۆ تەریکخستنەوە و سەرکوتی ڕاسانە، دەنا فەڕی بە ڕاستییەوە نیە! چوونکە لە ڕاستیدا ڕاسان ئەگەر بەهێزتر بکرێ، ئێران کە هەروەک گوترا یەکێک لە فاکتەرە گرینگەکانە بۆ پاراستنی ئەمنییەتی ئیسرائیل لاواز دەبێ! بۆ دۆزینەوەی دۆست و هاوپەیمان بۆ ڕاسان دەبێ ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگیرێ کە ئێران بە پێی ئەو ئیدئۆلۆژییەی کە هەیەتی و دروشمی هەناردە کردنی شۆڕش، لە وڵاتانی دەوروبەر دەستێوەردان دەکات، بۆیە دژبەری زۆری هەیە و دەبێ لە سەر شێوازی پێوەندییەکانی ئێران و وڵاتانی دیکە بکۆڵدرێتەوە!

ئێستا کە ڕێژیم و بەشێک لە بەناو ئۆپۆزسیونی ڕێژیم بە ڕاشکاوانە دژی ڕاسان یەکیان گرتووە و لە یەک ئەدەبیات کەڵک وەردەگرن، حیزبی دێموکراتیش دەبێ هێڵی خەباتی خۆی لەو ئۆپۆزسیونە جیا بکاتەوە و تەنیا بە گوتاری کوردی گرینگی بدات و لە هیچ تۆمەت و بۆختانێک نەترسێ و هەنگاوەکانی پێ شل نەکاتەوە! گوتارێک کە وڵامدەری ئاستی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵات بێت بەرهەم بێنێ! کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات لە نەورۆزی ئەمساڵ ئاستی بەرزی خۆی نیشان دا و دەبێ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هانای ئەو ئاستە بەرزەوە بڕوات و گوتاری نەتەوەیی تۆختر بکاتەوە!

بۆ دەربازبوون لە بەندی گرینگیی ژێئۆپۆلیتیکی ئێران، دەبێ کوردی ڕۆژهەڵات ببێت بە هێزێکی شوێندانەر! کاتێک بوو بە هێزی شوێندانەر بە واتای ئەوەیە کە دەبێتە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندیی زۆر وڵات و لایەن! تەنیا لەو کاتەدایە کە مل بۆ داخوازییەکانی کوردی بندەستی ئێران ڕادەکێشرێ! ئەمە بەو مانایەیە کە دەبێ سنووری ڕاسان بەرینتر بکرێتەوە و پانتاییەکی گەورەتر بگرێتە بەر! بۆ ئەم مەبەستە دەبێ هەوڵ بدرێ لانی زۆری هێزی کورد بخرێتە گەڕ! چوونکە ئەگەر ڕاسان بەرینتر ببێتەوە دەنگدانەوەی جیهانی زۆر لە خەباتی پارچەکانی دیکەی کوردستان زیاتر دەبێ، ئەمە پێوەستە بەوەوە کە؛ کوردستانی ڕۆژهەڵات لەنێو سنوورەکانی ئێرانی ئێستایە کە هەر وەک باس کرا خاون باری ژێئۆپۆلیتیکێکی شازە لە ناوچەکەدا! هەر وەک ساڵی پار دیتمان کە ئەو چەند تێکهەڵچوونەی نێوان پێشمەرگەکان و سپای پاسداران لە چەند ناوچەیەکی کوردستان دەنگدانەوەیەکی جیهانیی هەبوو و هەواڵنێرییە گرینگەکانی جیهان باسیان لێوە کرد! ئێران کە لە ماوەی تەمەنیدا بایکۆتی هەواڵی خستبووە سەر چالاکیی پێشمەرگە، بە شێوەیەکی بەرین ئەو بێدەنگییەی خۆی شکاند و دەستی کرد بە هەڕەشە و گوڕەشە! ئەمەش هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە بەرژەوەندیی وڵاتان دەکەوێتە مەترسییەوە! کە ئەمە خاڵێکی ئەرێنییە! کاتێک ئەمە ڕووی دا وڵاتان دەکەونە بیری چارەسەری کێشەکە! ئیتر لێرەوە ڕۆژهەڵات دێتە نێو هاوکێشە سیاسییەکانی ئێران و ناوچەکە و تەنانەت دنیاشەوە! واتە حیزبی دێمۆکرات وەک ڕێکخەری ڕاسان دەبێ ژێئۆپۆلیتیکی ئێران کە یەکێک لە کۆسپەکانی سەر ڕێگەی ڕاسانە، بکا بە دەرفەت، واتە بە دەرفەت کردنی هەڕەشەکان! ئەویش بە پێداگری لە سەر چالاکیی زیاتر و پەرەپێدان بە ڕاسان دێتە ئاراوە!

# هەوڵی گەرمکردنی تەنووری هەڵبژاردن بوو بە نمایشی کۆمیدی

**سەلام ئیسماعیل پوور**

شانۆی هەڵبژاردنی ڕێژیمی ئێران هەر لە سەرەتاوە بۆتە سیرکێك کە کۆمەڵێك ئەکتەری سەیروسەمەرە ڕۆڵی تێدا دەگێرن. هێندێك لە مۆرە ناسراوەکانی ڕێژیمیش وێڕای دەربڕینی تووڕەیی لەو نمایشە، بە مایەی گاڵتەجاڕی و ئابڕووچوون بۆ ڕێژیمی لە قەڵەم دەدەن. هەواڵدەریی حکوومەتیی ئیلنا لە سەر زاری عەلی ئەسغەر ئەحمەدی، سەرۆکی نووسینگەی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمەوە ڕایگەیاند؛ ١٣٦١ کەس بۆ بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا ناوی خۆیان تۆمار کردووە. هێندێك لەو کەسانە بە دەربڕین و قەڵافەت و سیمای جیاوازەوە چوونە وەزارەتی نێوخۆی ڕێژیم و لە بەردەم کامێراکاندا دەیانگوت هەر بۆ پێکەنین هاتوون، یان لە بەر بێکاری و بۆ دۆزینەوەی کار هاتوونەتە ئەو شوێنە.

لەو پێوەندییەدا ئاخوند مەکارم شیرازی کە نەیتوانی تووڕەیی خۆی بشارێتەوە ڕایگەیاند: "هێندێك کەس ئاگایانە بۆ گاڵتەکردن بە هەڵبژاردنی سەرکۆماری و زەبروەشاندن لە نیزام بە بێ ئەوەی کە هیچ شیاوییەکیان تێدا بێت، بۆ تۆمارکردنی ناوی خۆیان هاتوون و تەنانەت بە ڕیز ڕادەوەستن بۆ ناونووسین".

ناوبراو هەروەها ڕایگەیاند: "هێندێك لە بەرپرسان ئەمە بە مایەی گەرمکردنی بازاڕی هەڵبژاردن دەزانن، لە حاڵێکدا کە ئەوە مایەی ئابڕووچوونە و دەمانکاتە مایەی گاڵتەجاڕی لە جیهاندا".

موحسین ڕەزایی، دەبیری کۆڕی تەشخیسی مەسڵەحەتی ڕێژیمیش کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەند جار کاندیدای سەرکۆماری بووە، لە نووسینێکدا ڕەخنەی توندی لە هاتنی کۆمەڵێك کەس بۆ نووسینگەی هەڵبژاردنەکانی وەزارەتی نێوخۆ گرتووە کە بە "نەخۆشی دەروونی" ناوی بردوون و ئەو ڕەوتەی بە "سووکایەتی بە خەڵك" و گاڵتەکردن بە بەناو دێموکراسییەکەی ڕێژیم لە قەڵەم داوە.

لەو پێوەندییەدا یەکەم کەسێك کە بۆ ناونووسین سەردانی وەزارەتی نێوخۆی ڕێژیمی کرد، پیاوێك بوو کە کفنی سپیی لە سەرتاپێی خۆی ئاڵاندبوو. دوابەدوای ئەویش نیگابانێکی کارگەی کاشیی "مەیبۆد"ی یەزد ناوی خۆی تۆمار کرد. ئەو کرێکارە دەڵێ دەمهەوێ لەگەڵ دۆناڵد ترامپ کێبڕکێی مەلەوانی بکەم.

لە ڕۆژی سێهەمیشدا پیاوێك لەگەڵ کچە سێ ساڵانەکەی سەردانی وەزارەتی نێوخۆی کرد تاکوو ناوی کچەکەشی بنووسێت، بەڵام داخوازی ناونووسکردنی ئەو کچە بەهۆی کەمبوونی تەمەنی ڕەت کرایەوە.بە گوێرەی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی حکوومەتیی تەسنیم، ئەو باوکە بە هەواڵنێرانی وت: "ئامانجی من لە ناونووسکردنی کچە سێ ساڵانەکەم، دەستپێکردنی چالاکییە سیاسییەکانی ئەو بوو".

یەکێکی دیکە لە ئەکتەرە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم شانۆیە، ئاخوندێکی شپرزە بوو کە دەڵێ دەیهەوێ کشتوکاڵ و چاندنی خەشخاش لە ئێراندا بکاتە یاسایی، چوونکە تریاك لەگەڵ بنەما فیقهی و ئیدئۆلۆژیکەکانی نێو یاسای بنەڕەتیی ڕێژیم ناتەبا نیە و دەبێ ئازاد بکرێت.

هاوکات، ڕاگەیەنەکانی ڕێژیم لەم نمایشەشدا وازیان لە سووکایەتی بە فەرهەنگ و هێماکانی شوناسی نەتەوەکانیش نەهێنا و وێڕای گاڵتەکردن بە جلوبەرگی لوڕیی کاندیدایەکی چواردە ساڵە، نووسیان تەنانەت "موراد بەیگ"یش بۆ سەرکۆماری ناوی خۆی نووسی. شایانی باسە "موراد بەیگ" ناوی چەتەیەکی یاخی لە یەکێك لە دراما بەناوبانگە ئێرانییەکاندایە.

یەکێك لە کاندیداکانی سەرکۆماریی ڕێژیم بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکات و ڕایگەیاندووە؛ لە لایەن خوداوە ڕاسپێردراوە بۆ ئەوەی ببێتە سەرکۆمار و خەڵك ڕزگار بکات.

کاندیدایەکی لاو دەڵێ ناچار بووە دە هەزار تمەن بە قەرز وەربگرێت بۆ ئەوەی کە بێتە وەزارەتی نێوخۆ و ناوی خۆی بنووسێت. ئەو دەڵێ ئەگەر بچمە نەتەوە یەکگرتووەکان، هەر کەسێك سووکایەتی بە ئێران بکات و پێی لە بەڕەکەی زیاتر ڕابکێشێت، لووتی دەشکێنم.پاڵێوراوێکی کراواتی دەڵێ: "کراوات بەستنی من هۆکارێکی قورئانیی هەیە، چوونکە قورئان داوا لە خەڵك دەکا جوان و ڕازاوە بن".




ژنێکی دیزاینەری جلوبەرگیش کە وادیارە نازانێ ژنان مافی خۆپاڵاوتنیان لەو نمایشەدا نیە دەڵێ؛ بەهۆی ئەوەی کە دیزاینەری جلوبەرگم، ناسراو و خۆشەویستیشم و لە سەر دەنگی ژنان حیساب دەکەم.

ئەکتەرێکی سینەماش پاش تۆمارکردنی ناوی خۆی ڕایگەیاند: " ٦٥ ساڵە بێکارم. پێم خۆش بوو هەر جووڵەیەك بکەم با بێکار نەبم".

کەسێکی دیکە کە خوێندەواریی تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی هەیە، ڕایگەیاندووە: ئەگەر ببمە سەرکۆمار، بە هەر بێکارێك ١٥ میلیۆن تمەن دەدەم. پاڵێوراوێکی دیکە دەڵێ؛ سێسەد هەزار تمەن دەداتە هەر ئێرانییەك و شاری بڕووجێردیش دەکاتە پایتەختی ئیداری و سیاسیی ئێران.لەم نێوانەدا هێندێك کەسیش بە جلوبەرگی کوردی چوونە وەزارەتی نێوخۆی ڕێژیم بۆ ئەوەی کە لەو شانۆیە وەدوا نەکەون. لە نێو ئەوانەدا کەسانێك هەن کە لە بنەڕەتدا بەهۆی ئەوەی کە سەر بە ئایینزای سوننەن، مافی ئەوەیان نیە وەکوو پاڵێوراو بەشداریی لە هەڵبژاردندا بکەن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بۆ گەرمکردنی بازاڕی پڕوپاگاندای بەناو هەڵبژاردن یان بە بۆچوونی هێندێك لە بەرپرسانی ڕێژیم، بۆ گاڵتەکردن بە نیزام بەشدارییان لەو ڕەوتەدا کرد.

## زیاتر له‌ ٨ هه‌زار و ٣٠٠ میلیارد تمه‌ن له‌ پاره‌ی مامۆستایان دراوه‌ به‌ ٣١ که‌سی لایه‌نگری ڕێژیم

له‌ درێژه‌ی گه‌نده‌ڵکارییه‌کانی نێو دامووده‌زگاکانی ڕێژیم، په‌رده‌ له‌سه‌ر په‌روه‌نده‌یه‌کی نوێ هه‌ڵدرایه‌وه‌ که‌ له‌دزی چینی مامۆستایان بووه‌.
ڕۆژنامه‌ی که‌یهان ڕێکه‌وتی ٢٨ی خاکه‌لێوه‌ ڕاپۆرتێکی له‌سه‌ر لێدوانه‌کانی ئاخوند غولامحسه‌ین مۆحسێنی ئێژه‌یی له‌ ١٠١ه‌مین دانیشتنی له‌گه‌ڵ ڕاگه‌یه‌نه‌کانی ئیران بلاو کردۆته‌وه‌ که‌ تێیدا ناوبراو ئاماژه‌ی به‌ گه‌نده‌ڵییه‌کی که‌ڵانی دیکه‌ له‌ سندووقی پاشه‌که‌وتی فه‌رهه‌نگییان کردووه‌.
ئێژه‌یی له‌ قسه‌کانیدا وتوویه‌تی: زیاتر له‌ ٨ هه‌زار و ٣٠٠ میلیارد تمه‌ن له‌ پاره‌ی سندووقی فه‌رهه‌نگییان که‌ له‌ ئیختیاری بانکی سه‌رمایه‌دا بووه‌، ڕاده‌ستی ٣١ که‌س کراوه‌ که‌ وه‌ک ئه‌م به‌ڕێزه‌ ده‌ڵێت: ٢٩ که‌سیان به‌ڵێنیان داوه‌ تا ماوه‌یه‌کی دیکه‌ پاره‌ دزراوه‌کان بگه‌ڕێننه‌وه‌.
ئاشکرا کردنی ئه‌م گه‌نده‌ڵییه‌ له‌کاتێکدایه‌ که‌ چینی مامۆستایان له‌ ئێران به‌ یه‌کێک له‌ توێژه‌ لاوازه‌کانی کۆمه‌ڵگه‌ له‌باری ماڵییه‌وه‌ دێنه‌ ئه‌ژمار و له‌م ڕاستایه‌شدا لانیکه‌م له‌ چه‌ند ساڵی ڕابردوودا چه‌ندین جار به‌ شێوازی جۆراوجۆر ناڕه‌زایه‌تییان ده‌ربڕیوه‌، به‌ڵام هه‌ر جاره‌و به‌دانی هه‌ندێک به‌ڵێنی بێ‌بنه‌ما ڕێژیم چاره‌سه‌رێکی گونجاوی بۆ کێشه‌کانیان نه‌دۆزیوه‌ته‌وه‌.
جگه‌ له‌مه‌ش ڕێژیم له‌ ترسی ته‌شه‌نه‌سه‌ندنی ناڕه‌زایه‌تییه‌کانی مامۆستایان و ترساندنیان، پاش گرتنی سه‌رۆکی کانوونی سینفیی مامۆستایانی ئێران و کۆمه‌ڵێک له‌ هاوکاره‌کانی، به‌شێکیان له‌ زیندان خستن و به‌شێکیشیان به‌ بڕیاری دادگا بۆ ناوچه‌کانی وه‌ک به‌لووچستان دوور خستنه‌وه‌.

## به‌رپرسانی ڕێژیم دان به‌ نه‌زۆکیی به‌رجامدا ده‌نێن

به‌رپرسانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دانیان به‌وه‌دا ناوه‌ که‌ به‌رجام هیچ ده‌ستکه‌وتێکی نه‌بووه‌ و هیچ گۆڕانێکی ئابووریی به‌دواوه‌ نه‌بووه‌.
به‌پێی ڕاپۆرته‌ بڵاوکراوه‌کان، سه‌رۆکی کۆمیسیۆنی سه‌رمایه‌گوزاریی ژووری بازرگانی له‌ باره‌ی دۆخی دوای به‌رجام گووتەیه‌تی که‌؛ دوای ڕێککه‌وتنی به‌رجام جیا له‌ چه‌ند بانکی بچووک و مامناوه‌ند، هیچ بانکێکی گه‌وره‌ی نێوده‌وڵه‌تی له‌گه‌ڵ ئێران هاوکاریی نه‌کردووه‌.
به‌رپرسان و ڕاگه‌یاندنه‌کانی نێوخۆی ڕێژیم به‌رده‌وام باسیان له‌ بێ‌که‌ڵک بوونی به‌رجام کردووه‌ و له‌و پێوه‌ندییه‌دا، ڕۆژنامه‌ی "ابرار اقتصادی" له‌ ڕاپۆرتێکدا سه‌باره‌ت به‌ ڕه‌وشی ئابووریی ئێران پاش لابردنی گه‌مارۆکان بڵاوی کردبووه‌وه‌ که‌؛ ئابووریناسان باس له‌ به‌رده‌وامیی کێشه‌کان و پاشه‌کشه‌ی ئابووریی ئێران بۆ ١٠ ساڵ پێش ئێستا ده‌که‌ن.
هه‌روه‌ها "گۆڵف نیوز" که‌ به‌ یه‌کێک له‌ گرینگترین و پڕفرۆشترین ڕۆژنامه‌کانی جیهانی عه‌ره‌ب ده‌ناسرێ، له‌ ڕاپۆرتێکی شیکارییانه‌دا باسی له‌ ڕێککه‌وتننامه‌ی ناوکی و ده‌ره‌نجامه‌کانی کردبوو و نووسیبووی؛ پاش تێپه‌ڕینی ٨ مانگ له‌ جێبه‌جێ بوونی به‌رجام، هێشتا ئێران هیچ قازانجێکی به‌خۆوه‌ نه‌بینیوه‌.
له‌ ڕاپۆرته‌که‌ی "گۆڵف نیوز"دا باس له‌ ئاماده‌ نه‌بوونی بانکه‌ گه‌وره‌ جیهانی و نێونه‌ته‌وه‌یییه‌کان بۆ سه‌رمایه‌دانان له‌ ئێران و ئاڵوێری دراو له‌گه‌ڵ ئه‌م وڵاته‌ کراوه‌، که‌ هۆکاره‌که‌ی ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ بوونی به‌رنامه‌ی مووشه‌کیی بالستیک، پشتیوانی له‌ تێرۆریزم و پێشێل کردنی مافه‌کانی مرۆڤ له‌لایه‌ن کۆماری ئیسلامییه‌وه‌.
ئه‌گه‌رچی به‌رجام واژۆ کراوه‌، به‌ڵام هه‌تا ئێستاش ١٨٠ که‌سایه‌تی و دامه‌زراوه‌ی ئێرانی، له‌وانه‌ سپای تێرۆریستی پاسداران، وه‌زاره‌تخانه‌کانی به‌رگری، ئیتلاعات و کۆمپانیاکانی درووست کردنی که‌ره‌سته‌ی شه‌ڕ له‌نێو لیسته‌ی گه‌مارۆکانی ئامریکادان.
ڕۆحانیی سه‌رکۆماری ڕێژیم باس له‌ قازانجه‌کانی ڕێککه‌وتنی به‌رجام ده‌کات، به‌ڵام لێکدانه‌وه‌ و وته‌کانی به‌رپرسانی باڵای ئه‌و ڕێژیمه‌ به‌پێچه‌وانه‌ی لێدوانه‌کانی ناوبراوه‌.
ڕۆحانی له‌ کاتی هه‌ڵبژاردنه‌کانی خۆیدا باسی له‌وه‌ کردبوو که‌؛ کێشه‌کانی وڵات له‌ ماوه‌ی ١٠٠ ڕۆژدا چاره‌سه‌ر ده‌کات، به‌ڵام ناوبراو چه‌ند ڕۆژ له‌مه‌وبه‌ر له‌ کۆبوونه‌وه‌یه‌کدا له‌گه‌ڵ به‌رپرسانی ڕێژیم گوتی که‌؛ "هیچ که‌سێکی عاقڵ ئه‌و قسه‌یه‌ ناکات".

## ده‌وڵه‌مه‌نده‌کان ده‌وڵه‌مه‌ندتر ده‌بن و هه‌ژاره‌کانیش هه‌ژارتر



به‌پێی پێوه‌ری "زه‌ریب جینی" له‌ چه‌ند ساڵی ڕابردوودا توێژی هه‌ژاری کۆمه‌ڵگای ئێران هه‌ژارتر بوون و چینی ده‌وڵه‌مه‌ندیش ده‌وڵه‌مه‌ندتر بوون.
ڕۆژنامه‌ی "جوان" ڕێکه‌وتی ٢٠ی خاکه‌لێوه‌، له‌ بابه‌تێکدا ئاماژه‌ی به‌ چوونه‌سه‌ری نرخی نه‌خۆشییه‌ ده‌روونییه‌کان له‌ ئێراندا و به‌تایبه‌ت دیارده‌ی خه‌مۆکی داوه‌ته‌وه‌ و تێیدا به‌ که‌ڵک وه‌رگرتن له‌ داتا جیهانییه‌کان پڕژاوه‌ته‌ سه‌ر ئه‌و ڕاستییه‌ی که‌؛ هۆکاری سه‌ره‌کیی چوونه‌سه‌ری ڕێژه‌ی خه‌مۆکی له‌ ئێران بریتییه‌ له‌ کێشه‌ ئابوورییه‌کان و که‌لێنی چینایه‌تی.
به‌پێی داتاکانی نێو ئه‌م راپۆرته‌ هه‌واڵه‌، له‌ ساڵی ١٣٩٢ی هه‌تاوی به‌ملاوه‌ نایه‌کسانیی داهات ٢ قات زیادیان کردووه‌ و له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌یکه‌ له‌م چه‌ند ساڵه‌دا چینی ده‌وڵه‌مه‌ند ١٠٪ زیادی کردووه‌، به‌هه‌مان ڕێژه‌ش واته‌ ١٠٪ چینی هه‌ژار و که‌م‌داهات زیادیان کردووه‌.
له‌م ڕاپۆرته‌دا هه‌روه‌ها هاتووه‌؛ به‌ به‌راوردکردنی ڕێژه‌ی داهات و تێچووی ژیان له‌ ئێران ده‌رده‌که‌وێت که‌ زۆرینه‌ی چینی کرێکار له‌ ئێران به‌ ٩٣٠ هه‌زار تمه‌ن داهاتی مانگانه‌ ته‌نیا ده‌توانن تێچووی ١٠ ڕۆژ له‌ مانگێکدا بۆخۆیان دابین بکه‌ن.
ئه‌م ڕاپۆرته‌ له‌ کاتێکدا بڵاو ده‌بێته‌وه‌ که‌؛ چه‌ند ڕۆژ پیش ئێستا سه‌ڵمان خودادادی، سه‌رۆکی کۆمیسیۆنی کۆمه‌ڵایه‌تیی مه‌جلیسی ڕێژیم له‌ پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ پرسی په‌راوێزنشینی له‌ شاره‌ گه‌وره‌کانی ئێراندا ڕایگه‌یاندووه‌: "به‌پێی ئاماره‌کان،٣٥٪ له‌ خه‌ڵکی ئێران که‌ ده‌کاته‌ زیاتر له‌ ٢٠ میلیۆن که‌س له‌ ئێراندا په‌راوێزنشینن".

# ئابووریی شپرزه‌ی ئێران به‌ قازانجی کێیه‌؟



ن: شه‌ماڵ ته‌رغیبی

پڕ ئاشکرایه‌ که‌ ئابووری کۆڵه‌که‌یه‌کی سه‌ره‌کییه‌ له‌ ژیانی تاک، بنه‌ماڵه‌، ڕێکخراو و کۆمه‌ڵگه‌؛ هه‌ر له‌م ڕاستایه‌شدا هه‌رچه‌نده‌ ئه‌م ئابوورییه‌ به‌هێز و ڕه‌گ داکووتاوتر بێ باری گوزه‌ران و دۆخی ژیان به‌هێزتر و له‌بارتر ده‌بێ، به‌پێچه‌وانه‌شه‌وه‌ هه‌رچه‌نده‌ ئه‌م ئابوورییه‌ کز و لاواز و بی نێوه‌ڕۆکتر بێت دۆشداماوی و چه‌رمه‌سه‌رییه‌کانی ژیان زیاتر و زیاتر ده‌بن. لێره‌دا پرسیاری سه‌ره‌کی ئه‌وه‌یه‌ که‌ به‌ له‌به‌رچاوگرتنی ئه‌م ڕاستییه‌ بۆ چی هیچ هه‌وڵێک بۆ چاره‌سه‌ری کیشه‌ و ئاریشه‌ گه‌وره‌ و بچووکه‌کانی بیاڤی ئابووریی ئێران نادرێت؟ یان ئه‌گه‌ر هه‌وڵێک دراوه‌ بۆچی به‌ هیچ ئه‌نجامێکی هه‌ستپێکراو نه‌گه‌یشتووه‌ و ئابووریی ئێران هه‌روا لاوازه‌؟
به‌ دوو بۆچوون ده‌توانین وه‌ڵامی ئه‌م پرسیاره‌ بده‌ینه‌وه‌: یه‌که‌م ئه‌وه‌یکه‌ سیستمی ئابووریی ئێران سیستمێکی مێرکانتێلیستییه‌ که‌ به‌هۆیه‌وه‌ ئه‌و که‌سانه‌ی له‌ دۆخی هه‌نووکه‌یی ئابووریی ئێران به‌هره‌مه‌ند ده‌بن ڕێگری ده‌که‌ن له‌ چاکسازی پێکهاته‌یی. "مێرکانتێلیزم" قوتابخانه‌یه‌کی فکرییه‌ که‌ به‌هۆیه‌وه‌ قازانجه‌کان له‌ نێوان بازرگانه‌کان و ده‌سه‌ڵاتبه‌ده‌ستان ڕێک ده‌خرێت؛ له‌سه‌ر ئه‌م بنه‌ماش هاوپه‌یمانییه‌کی ڕانه‌گه‌یه‌ندراوی نایاسایی پێک دێت که‌ هه‌ر دوو لایه‌ن قازانجی لێده‌که‌ن؛ له‌ لایه‌که‌وه‌ بازرگانه‌کان به‌هۆی پشتیوانی سیاسه‌تمه‌داره‌کان به‌تواناتر له‌ ڕابردوو ده‌بنه‌وه‌ و له‌ ڕێگه‌ی پاره‌ و توانایی بازرگانه‌کانیش پشتگیریی نابه‌جێ له‌ سیاسه‌ته‌ ملهۆڕانه‌کانی ده‌سه‌ڵاتبه‌ده‌سته‌ دیکتاتۆره‌کان ده‌کرێت که‌ ده‌بێته‌ گه‌ره‌نتی به‌رده‌وامی ئه‌م ده‌سه‌ڵاته‌.
به‌ واتایه‌کی تر سیاسه‌تمه‌داره‌ گه‌نده‌ڵه‌کانی ئێران بۆ وه‌رگرتنی پشتیوانیی بازرگانه‌کان ده‌ره‌تانی کاری نایاساییان بۆ ده‌ڕه‌خسێنن، تاکوو ژیانی ئابوورییان به‌هێزتر بێت و له‌ به‌رانبه‌ریشدا پشتیوانیی ماددی و مه‌عنه‌وی ئه‌م توێژه‌ بۆ به‌رده‌وامیی ده‌سه‌ڵاته‌که‌یان مسۆگه‌ر ده‌که‌ن که‌ ئه‌م یارییه‌ له‌سه‌ر سفره‌ی وڵات و خه‌ڵکی بێ ده‌ره‌تان ئه‌نجام ده‌درێت.
دووهه‌م بۆچوون بریتییه‌ له‌وه‌یکه‌ ده‌سه‌ڵات به‌ده‌ستان له‌سه‌ر بنه‌مای پاوانخوازییان سیستمی ئابوورییان دابه‌ش کردووه‌ به‌سه‌ر خزم و که‌سوکاری نیزیک له‌ خۆیان و هاوشێوه‌ی "تیولداری"ی سه‌رده‌می مه‌غۆله‌کان ده‌ره‌تانی هه‌رچه‌شنه‌ که‌ڵکاژۆ وه‌رگرتنێکیان پێداون و "حاته‌م ئاسا" و به‌ بێ سه‌رئێشه‌ی یاسایی سه‌رقاڵی تاڵان کردن بن، ته‌نیا به‌و مه‌رجه‌ی که‌ ببنه‌ مایه‌ و گه‌ره‌نتییه‌ک بۆ به‌رده‌وامیی ده‌سه‌ڵاتبه‌ده‌ستان؛ زه‌قترین ده‌رهاویشته‌کانی ئه‌م پاوانخوازییه‌ش بریتییه‌ له‌ داخرانی ڕۆژانه‌ و به‌رده‌وامی یه‌که‌ ئابوورییه‌کان به‌تایبه‌ت ئه‌و به‌شه‌ی که‌ ده‌وڵه‌تی نین.
به‌م پێیه‌ زۆر ڕوونه‌ که‌ ده‌سه‌ڵاتبه‌ده‌ستان و پشتیوانه‌کانیان که‌ له‌ چوارچێوه‌ی کارتێله‌ ئابوورییه‌ ڕانه‌گه‌یه‌ندراوه‌کانیان سه‌رقاڵی هه‌ڵلووشینی داهات و سه‌رمایه‌ی ماددی و مه‌عنه‌وی ئێرانن، نه‌ته‌نیا پێیان خۆش نییه‌ که‌ ئابووریی وڵات گه‌شه‌ بکات، به‌ڵکوو هه‌موو هێز و توانای خۆیان ده‌خه‌نه‌ گه‌ڕ تاکوو دۆخی شپرزه‌ی ئابووری وه‌ک خۆی بمێنێته‌وه‌؛ ئیتر له‌م نێوانه‌دا ئه‌گه‌ر قه‌یرانی ئاو، قه‌یرانی وشکه‌ساڵی، گرفته‌کانی وه‌ک بێکاری، هه‌ڵاوسان، گرانی و هه‌ژاری که‌ بۆخۆیان به‌ستێن خۆشکه‌ری دیارده‌ و نه‌خۆشییه‌ کۆمه‌ڵایه‌تی و ده‌روونییه‌کانن، به‌ چاره‌سه‌رنه‌کراوییش بمێننه‌وه‌ گرینگ نییه‌ چوونکه‌ چاره‌سه‌رکردنی ئه‌م کێشانه‌ واته‌ که‌م کردنه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتی تیولداره‌ زاڵه‌کان به‌ سه‌ر وڵاتدا.
له‌مباره‌وه‌ دوکتور عه‌لی میرزاخانی ئابووریناس ده‌ڵێ: ئابووریی ئێران بریتییه‌ له‌ تیولداری مۆدێڕن به‌و مانایه‌ که‌ هه‌رێمه‌ جیاکراوه‌کان جێگه‌ی خۆیان به‌ یه‌که‌ ئابوورییه‌ دابه‌شکراوه‌کان داوه‌ و له‌م نێوانه‌دا هه‌ندێک که‌سی خاوه‌ن ده‌سه‌ڵات به‌هره‌مه‌ند ده‌بن له‌ قازانجه‌ ئابوورییه‌کان و خه‌ڵکی دیکه‌ش سه‌ریان بێ کڵاو ده‌مێنێته‌وه‌!
ناوبراو له‌ وتارێکی شیکاریدا باس له‌وه‌ ده‌کات که‌ ئه‌گه‌ر بمانهه‌وێ چاره‌سه‌رێک بۆ دۆخی ئابووریی ئیران بدۆزینه‌وه‌ ده‌بێ پیش له‌ هه‌موو شتێک په‌که‌یجی تیولداری مۆدێڕن وه‌لابنێین و تێگه‌یشتنمان به‌رانبه‌ر به‌ ئابووری و ئابووریی سیاسی بگۆڕین.
به‌ وته‌ی ناوبراو ئابووریی ئێران ئابوورییه‌کی سیاسه‌ت لێدراوه‌ که‌ تێیدا سیاسه‌تمه‌داره‌کان بڕیار له‌سه‌ر ئابووری ده‌ده‌ن، له‌ حاڵێکدا که‌ به‌پێی پێناسه‌ ئه‌وه‌ ئابووریزانانن که‌ ده‌بێ له‌م بیاڤه‌دا چالاکییان هه‌بێ نه‌ک سیاسه‌تمه‌داره‌کان. به‌ڵام مه‌سه‌له‌که‌ لێره‌دا ئه‌وه‌یه‌ که‌ قازانجه‌ ماددییه‌کانی ئه‌و که‌سانه‌ ڕێگرن له‌به‌رده‌م گه‌ڕاندنه‌وه‌ی شکۆی زانستی ئابووری.

# هەڵاواردن، زیانێک بۆ کار و چالاکیی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا



**سارا پارسا**

مێژووی مرۆڤ بەگشتی لەگەڵ چەمکی هەڵاواردن ململانێی زۆری هەبووە و بۆ لابردنیشی بە درێژایی مێژوو خەباتی کردووە. وەک خەبات بۆ لابردنی هەڵاواردن لە نیوان دەوڵەمەند و هەژار لە کۆمەڵگا، هەڵاواردنی نەتەوەیی (کە نەتەوەی کورد لەم بوارەدا مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە)، هەڵاواردن لە بنەماڵەکان لە نێوان کچ و کور یان ژن و پیاو کە لە خانەی هەڵاواردنی رەگەزی جێ دەگرێت. لە هەموو کۆمەڵگاکانیشدا کەس یان کەسانێک هەبوون کە بۆ لابردنی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتی و تا ڕادەیەکیش دەروونییە، چالاکییان کردووە و تەنانەت خوێنیشیان بۆ داوە.

ئەو شتەی ئێستا تەوەری باسەکەیە، هەڵاواردن لە شوێنی کار و چالاکیی فەرمانبەرانە کە بە دڵنیاییشەوە گرفتی هەرە زۆری فەرمانبەران لە هەموو دنیادایە بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێراندا ئەم پرسە سەرنجڕاکێشە بوونی هەیە.

باس لەسەر ئەم کێشەیە باسێکی زۆر قووڵ و سەرنجڕاکێشە. لە هەموو کۆمەڵگایەکدا مرۆڤەکان لە بواری جۆراوجۆری وەکوو ڕەگەز، تەمەن، ئایین، وشیاری و لێهاتوویی لێک جیاوازن، بەڵام ئەو شتەی جیاوازییەکان دەخاتە خانەی هەڵاواردنەوە، چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی خاوەن پۆستە گرنگەکانە لە نێوان فەرمانبەران لە بارودۆخێکی هاوسەنگ و هاوشێوەدا کە هەرکات لەگەڵ هەڵاواردن هاوڕێ بێت لە هەر بوار و بەشێکدا، لە سەر داهاتوو و چالاکیی کۆمەڵگا کاریگەریی نەرێنیی هەیە و تەنانەت دەبێتە مەترسییەک بۆ مرۆڤ و ژینگەی مرۆڤەکان.

### هۆکاری سەرهەڵدانی هەڵاواردن لەنێوان فەرمانبەران لەلایەن بەرپرسانەوە چییە؟

بەپێی ئەزموونەکان، هەرکات تاکێک یا گرووپێک و لە بیاڤێکی بەربڵاتر لە کۆمەڵگادا، بەرپرسێک لە شوێنی بەرپرسایەتی خۆیدا هەست بە مەترسی لە شوناس و بەرژەوەندیی خۆی بکات یان کاروباری فەرمانبەرانی کۆنترۆڵ بکات، بۆ پاراستنی قازانج و سەلماندنی دەسەڵاتداریی خۆی، بەشێوەیەکی دوور لە یاسا و ئاکاری مرۆیی، بە ئۆگرکردنی کەس یان کەسانێک یا پێکهێنانی دەستە و گرووپ وەک ئامرازی پاراستنی قازانج و بەرژەوەندیی خۆی، مافی کەسانی دیکە پێشێل دەکات. بەڵام لەکۆمەڵگایەک کە ڕێکخراوەکانی وفەرمانگەکانی، ئیستا لە هەر ئاستێکدا بێت چ لە بازنەیەکی بچووک وەک فەرمانگە فەرمییە ئیجراییەکان و چ لە ئاستێکی گەورەتردا وەک وەزارەتخانەکان و فەرمانگە سیاسی و سەربازییەکان، لەلایەن بەرپرسانیەوە، فەرمانبەرانیان بکەونە بەرهەڵاواردن، بە دڵنیاییەوە ئەو کۆمەڵگایە هیچ داهاتوویەکی ڕوونی نابێت وتەنیا کولتووری پشتبەستن بە زۆرداری و پێشێل کردنی ماف لە کۆمەڵگا لەهەر ئاستێکدا و لەهەر بوارێکدا لە نێوان مرۆڤەکانیدا پەرە دەستێنێت.

بەپێی سەرچاوە زانستییەکان، هەڵاواردن سێ جۆرە: هەڵاواردنی ڕاستەوخۆ، هەڵاواردنی ناڕاستەوخۆ و هەڵاواردنی سیستماتیک.

● **هەڵاواردنی ڕاستەوخۆ:** کاتێک سەرهەڵدەدات کە بە فەرمانی بەرپرسان لە ڕێکخراوێک یا فەرمانگەیەک، بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان تاک یا گرووپێک کە سەر بە فەرمانی بەرپرسانیان، هەلیان بۆ دەرەخسێت بۆ پێشچوونی کار و باریان لە ڕاستای قازانج و بەرژەوەندیی بەرپرس و لەو نێوانەشدا مافی دەستە یان تاکێکی دیکە زەوت دەکرێت و بەپێی سەرچاوەکان و گوتەی کارناسان، ئەمجۆرە هەڵاواردنە زۆر بە ڕاشکاوی هەستی پێدەکریت و لە زۆربەی هەرەزۆری ڕێکخراوەکان و فەرمانگاکان نەک هەر لە ئێران، بەڵکوو بەگشتی لە هەموو دنیادا بوونی هەیە.

● **هەڵاواردنی ناڕاستەوخۆ:** ئەمجۆرە هەڵاواردنە کاتێک ڕوو دەدا کە یاساکان لە سیستمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی بە ڕواڵەت بێلایەنە، بەڵام لە ئاکامدا تەنیا بە قازانجی کەسانێک بێت کە شوناسێکی دیاریکراویان بێت و لە کۆتایشدا ببێتە هۆکارێک بۆ کەمبوونەوەی دەرفەتی کار بۆ گرووپ یا تاکەکان لە شوێنی کار یان ژیان، وەک ئەوەی کە ژن و پیاو هەردووکیان توانای کار لە بنکەی پۆلیسیان هەیە، بەڵام بە مەرجی بەرزیی باڵا کە لە ئاکامدا زۆربەی ژنان بە هۆی نەبوونی فاکتەری بەرزیی باڵا، لە کارکردن لە ڕیزی پۆلیسدا بێبەش دەکرێن.

● **هەڵاواردنی پێکهاتەیی یا سیستماتیک:**

جۆرێک لە هەڵاواردنی ناڕاستەوخۆیە کە بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئەم جۆرە هەڵاواردنەی پێکهێنابێت و بە درێژایی کاتیش لە سیستمی کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسیشدا گونجابێت، وەک: بەڕێوەبەریی نووسینگەکان تەنیا بۆ ژنانە و پیشەی ئەندازیاری تەنیا بۆ پیاوان و...

### ئێسترێس، دەرئەنجامی سەرەکیی‌هەڵاواردن لە شوێنی‌کار

ئێسترێس چییە؟ لە مانادا لە وشەی (stringere) وەرگیراوە، بە مانای تێکشێوانی باری دەروونی. ئێسترێس کەمبوونەوەی توانا و ئاستی جەستەیی و دەروونیە کە بە هۆی گرفتەوە سەرهەڵدەدات.

ئێسترێس ئەزموونێکە کە بەگشتی هەر تاکێک لە ژیاندا بە دەیان جار لە دەروونیدا بە هۆکارگەلێکی جۆراوجۆر هەستی پێکردووە.

سیاسەتگەلێکی نەشیاو و هەڵاواردن لە شوێنی کار لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئێسترێسە، نەمانی هاندەر بۆ کار و چالاکی و لە ئاکامدا تووشبوون بە خەمۆکی، جیاوازی لە دانی مووچە لە نێوان فەرمانبەران لە بارودۆخی یەکسان بۆ کار و چالاکی لە شوێنی کار، لاچوونی هەستی هاوکاری لە نێوان فەرمانبەران بە هۆی بوونی هەڵاواردن لەنێوان فەرمانبەراندا، چاوەدێریی بێ‌بنەما و ئازاردەر لەلایەن بەرپرسانەوە کە خۆی هۆکارێکە بۆ بێ‌متمانەیی لەنێوان فەرمانبەراندا. دەرچواندنی یاساگەلێکی وشک و نالۆژیک، ناکۆکیی جۆراوجۆر لە شوێنی کار لەکاتی بەڕێوەبردنی یاسا بۆ هەمووان، سەپاندنی ئەرکی دوور لە توانا بەسەر فەرمانبەراندا بەتایبەت فەرمانبەرانێک کە تەنیا بە هۆی پاڵپشتی لەلایەن بەرپرسانیانەوە ئەرکیان پێ‌ئەسپێردراوە بە بێ بوونی توانای پێویست بۆ ئەو ئەرکە، کە خۆی هۆکارێکی سەرەکیی ئێسترێسە بۆ ئەو تاک یا گرووپە، هەست بە زۆر بوونی ئەرک لە نێوان فەرمانبەران بە بێ هەڵسەنگاندنی ئاستی توانایان، کەڵک وەر نەگرتن لە توانای فەرمانبەرانی بەتوانا و کارامە، کەمیی هەڵکەوت و بارودۆخ لە شوێنی کار، سەرکەوتنی کەسانی بەرژەوەندیخواز بە هۆی خۆهەڵواسین بە بەرپرسایەتیەوە، سەرهەڵدانی گەندەڵی لە شوێنی کار و چالاکی، پێشێل کردنی یاسا لەلایەن کەسانێک کە خۆیان لە ئاستی بڕیاردەریدان و... دەتوانن هۆکارگەلێک بن بۆ سەرهەڵدانی ئێسترێس.

زۆربەی هەرە زۆری کەسانێک کە لەگەڵ ئەم کێشە کۆمەڵایەتییە بەرەوڕوو دەبنەوە باشترین دژکردەوە بۆ بەرگری کردن لە باری دەروونییان چییە؟

پرسیار لە خۆ کردن کە ئایا بە مانای ڕاستەقینە قوربانیی هەڵاواردن بوون؟ ئەگەر کەسێک هەست دەکات کە بووەتە قوربانیی هەڵاواردن باشترین ڕێگاچارە چییە:

بە چالاکیی زیاترەوە ئەرکە ئەسپێردراوەکان جێبەجێ بکات، سەبر باشترین ڕێگە چارە بۆ لەنێو بردنی ناخۆشییەکان لە بەرانبەر هەڵاواردندایە.

لە ئاکامدا و بە گشتی لە هەموو کۆمەڵگاکاندا هەڵاواردن بوونی هەیە، بەڵام زیاتر ئەم کردەوەیە لە کۆمەڵگایەکدا سەرهەڵدەدات و سیستمی ئەو کۆمەڵگایە لە یەک دەترازێنیت کە لە بواری کولتوورییەوە دەسەڵاتدارانی یا خود بەرپرسانی لە ئاستێکی خواری بیرکردنەوە و دەروونیدان، بەرژەوەندیخوازی لەو جۆر کۆمەڵگایانەدا قسەی یەکەم دەکات. مەرایی کردن و زمانلووسی کردن سەرچاوەیەکە بۆ پێشبردنی کار و بەرژەوەندی، ئاستی توانامەندیی فەرمانبەران و تاکەکان پێوەر نییە بۆ ئەرکەکان و تەنیا چەپڵەڕێزان بۆ بەڵێ گوتن بە ناحەقییەکانی بەرپرسان، پێوەرێکە بۆ کار و چالاکی و سەرکەوتنی نەیاران.

کۆمەڵگایەک کە کولتووری لە سەر بنەما نارەواکان بێت، هەڵاواردن یەکەمین بەرهەمە لەو جۆرە سیستمانەدا، کولتوورێک کە بەرژەوەندیخوازی ئامانجی سەرەکیی بێت، هیچ کات مافی هیچ تاکێک بە مانای ڕاستەقینەی دابین ناکرێت و تەنانەت پێشێلیش دەکرێت و دەرەنجامیشی ئاڵۆزی و بێمتمانەیی لە نێوان مرۆڤەکان و کۆمەڵگا دەبێت و بەس.

**سەرچاوەکان:**
*** پایگاه خبری کارمند ایرانی**
***تریبون زمانه**
***جامعەی خبری تحلیلی الف**

## بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران لەهەمبەر کێشەی بێکاری بێدەنگن

سەرەڕای بەرزبوونەی ئاماری بێکاران و پەیوەستبوونی ڕێژەی بەرچاو لە حەشیمەتی ئێران بە بێکارانی وڵات، بەرپرسان، دەسەڵاتداران و ناوەندە پێوەندیدارەکانی ڕێژیمی ئێران سەبارەت بەو قەیرانە کۆمەڵایەتییە بێدەنگن.

سندووقی نێونەتەوەیی دراو لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی کردووەتەوە کە؛ قەیرانی بێکاری لە ئێراندا خراپتر بووە و ئەو وڵاتە لە پێوانەی جیهانیدا ۷ پلەی دیکە دابەزیوە.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە ۷ وڵات لە ماوەی ساڵی ۱۳۹۵ی هەتاویدا لەهەمبەر چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری لە ئێران باشتر بوون.

هەوروها لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە؛ دۆخی بێکاری لە ئێراندا لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا خراپتر بووە و بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکە ئێران لە بواری ڕەخساندنی هەلی کار هیچ هەنگاوێکی هەڵنەگرتووە.

نرخی بێکاری لە ساڵی ۹۵دا نزیک بە ۱.۵ لەسەد بەرز بووەتەوە، بەڵام بەپێی ئاماری سندووقی نێونەتەوەیی دراو نرخی بێکاری لە ئێراندا لە ماوەی ساڵی ۲۰۱۵دا زیاتر لە ۱۱ لەسەد بووە و ئەو ئامارە لە ساڵی ۱۳۹۵دا گەیشتووەتە ۱۲.٤٥ لەسەد.

لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە؛ ئێران لەبواری نرخی بێکاری لە ساڵی ۹٤دا پلەی ۲۵ی لە نێو وڵاتانی جیهاندا بەدەست هێنابوو، بەڵام لە ساڵی ۹۵دا پلەی ۱۸ی بەدەست هێناوە و ۷ وڵاتی دنیا توانیویانە کە هەلی کار باشتر بکەن، بەڵام ڕێژیمی ئێران نە تەنیا هیچ هەنگاوێکی لەو بارەیەوە نەناوە، بەڵکوو ۷ پلەش دابەزیوە.

هەر بەپێی ئەو ڕاپۆرتە تەرازی حیسابی ئێران لە ۲.٤ لەسەد بەرهەمی ناخالیسی نەتەوەیی لە ساڵی ۲۰۱۵دا بۆ ٦.۲ لەسەد بەرهەمی ناخالیسی نەتەوەیی لە ساڵی ۲۰۱٦دا گەیشتووە و لە ساڵی ۲۰۱۷دا بۆ ۵.۲ دادەبەزێت.

بە باوەڕی کارناسان گەمارۆ ئابوورییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ سەر ئێران، داخرانی زۆربەی یەکە پیشەییەکان و کۆتایی هێنان بە وەبەرهێنان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە هۆکارە سەرەکییەکانی دروست بوونی قەیرانی ئابووری و نەمانی هەلی کار لە ئێران دێنە ئەژمار.

## دادگای شۆڕشی ڕێژیم لە گیانکێشانی خەڵک بەردەوامە




لەماوەی ۷ ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ۳۲۰۰ کەس لە ئێران بە بڕیاری دادوەرانی دادگای شۆڕش بردراونەتە بەردەم پەتی سێدارە.

بەپێی ئامارە بڵاوبووەکان، ڕێژەی لەسێدارەدانی هاووڵاتییانی تۆمەتبار بە "تاوانگەلی ئەمنیەتی" وەک چالاکیی سیاسی، مەدەنی و حاڵەتی موحاربە و ماددەی هۆشبەر، لەو ساڵانەی دواییدا ڕووی لە هەڵکشان بووە.

سەپاندن و جێبەجێکرانی ئەو سزایانە لەلایەن دادگایەکەوە بووە کە سەرەتای شۆڕش بە شێوەی کاتی بۆ دادگایی کردنی بەرپرسانی ڕێژیمی پێشوو پێک هات.

ئێستا ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران بە پشتبەستن بە ئامارە کۆکراوەکان باس لە "ڕۆڵی گرنگی" دادگای شۆڕش لە "سەپاندنی سزای لەسێدارەدان" لەم ساڵانەی دواییدا دەکات.

لە ئامارەکاندا هاتووە کە؛ دادگای شۆڕش بەرپرسی نیوە زیاتری ۳۲۰۰ ئێعدام لە کۆی ٤۷٤۱ ئێعدامی ساڵەکانی نێوان ۲۰۱۰ بۆ ۲۰۱٦ بووە.

ڕەوتی دادڕەسی لە دادگاکانی شۆڕش بەبیانووی "لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدایە، نهێنی دۆسییەکان و یان شیاو نەبوونی پارێزەر بۆ دەستڕاگەیشتن بە دۆسیەی بریگرتە(موکل)"، ناڕوونییەکی زۆرتری بە نیسبەت دادگای گشتی هەیە.

دەسەڵات و دەستێوەردانی ناوەندە ئەمنی و نیزامییەکان لە دەزگای دادوەری بووەتە هۆی چوونە ژێر پرسیاری ڕەوتی دادڕەسی لە دادگای شۆڕش و نەمانی ڕەوایی ئەو دادگایە.

کوشتنی بەکۆمەڵی زیندانییانی سیاسی دەیەی شەست بە یەکێک لە ڕەشترین لاپەرەکانی مێژووی ۳۸ ساڵەی دادگای شۆڕشی ڕێژیم دێتە هەژمار.



# بڕینەوەی داربەڕووەکان، هەناسەی "هوزمانەوەنی" سوار کرد



**شەهرام میرزایی**

پرۆسەی لەنێوبردنی کورد و کوردستان یەکێک لە ئاڵۆزترین پیلانە دژە مرۆییەکانی مێژووە کە بە ئاستەم دەتوانین وێنەی لە مێژووی ئستعماری جیهاندا ببینینەوە. لەم پرۆسەیەدا، ژینۆسایدی کورد تەنیا بەشێک بووە کە زۆرترین ئاوڕی لێ دراوەتەوە و بەشەکانی دیکەی ئەم پیلانە شەیتانیە کەمتر بەرچاو بووە. ئاسمیلاسیۆنی فەرهەنگی و لەنێو بردنی ژینگەی کوردستان دوو بەشی هەرە گرینگی دیکەی ئەم پیلانەن کە لە ڕاستای تەکمیلی ژینۆسایدی کورددا بەڕێوە چووە و دەچێ. بەڵام بە هۆکارگەلێک —کە لێرە جێگای باسی نیە- ئەو دوو بەشە لە لایەن چالاکانی کوردەوە کەمتر ئاوڕیان لێدراوتەوە و هەمیشە لە پراوێزی خەباتی کورددا بووە. بەڵام بەپێی ڕووداوە سیاسی-مەدەنییەکانی دوو دەیەی ڕابردوو، بە پێداگریی تەواو دەتوانین بڵێین کە ئاوڕدانەوە لەو دوو بەشە و دارشتنی بەرنامە بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتە فاشیستییەکانی داگیرکەرانی کوردستان لە بازنەی چالاکییە سیاسی=کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان لە پراوێزەوە گواستراوەتەوە بۆ ناوەندی هزر و کرداری چالاکیی سیاسی-مەدەنی مان.

زاگرۆس لانکەی کوردستان و یەکەمین ژینگە و سەرەکیترین سەرچاوەی ژیانی کوردان بووە. لە لایەک یەکەمین شوێنی نیشتەجێ بوونی بەشەر دوای "چاخی سەهۆڵبەندان" زاگرۆس بووە و هەر لەم خاکەدا بوو کە بناغەی یەکەمین گوند و یەکەمین شاری جیهان بونیاد نرا، بۆیە کورد زاگرۆس وەکوو دایکی نەتەوەکەی سەیر دەکات و بە تەواوی خۆشی دەوێ. لە لایەکی دیکەشەوە زاگرۆس بە باوەشێکی ئاوەڵەوە هەموو ئەو پێداویستیانەی کە کۆمەڵگایەک بۆ ژیان و گەشەسەندنی پێویستی پێیەتی بە دڵفراوانییەکی بێسنوورەوە پێشکەشی کوردی کردووە. لە سەرچاوە ئاوییەکان و کانگا گرینگەکانەوە بگرە هەتا بوونی سەدان سەرچاوەی خۆراکی، لە دارستانە بەڕووەکان و کێوە سەرکشەکانیەوە بگرە هەتا دەشتە بەرفراوان و بەپیتەکانی. لە دونیای ئێمەدا کەمتر وڵاتێک هەیە کە هاوکات کۆی گشتیی ئەو سەرچاوانە کە زاگرۆس هەیهتی، هەیبێت و هەر ئەم تایبەتمەندییە لە سەردەمانی دەستپێکی مێژووەوە بووەتە هۆی هێرشی دەسەڵاتە بەهێزەکانی دراوسێمان و داگیرکردنی خاکی وڵاتمان. هێرشی ئاشوورییەکان، هەخامەنشییەکان، عەرەبەکان، تورکەکان و فارسەکان بەشێک لە مێژووی داگیرکاریی کوردستانە کە هەتا ئێستایش درێژەی هەیە.دوژمن بە پێچەوانەی ئێمە هەر لە سەرەتای داگیرکردنی وڵاتەکەمانەوە خوێندنەوەی باشی لە شادەماری ژیان و دونیای هزریی ئێمە هەبووە و هەیە، بۆیە هاوکات لەگەڵ ژینۆسایدی کورد دەستی لەسەر دوو شادەماری سەرەکی داناوە، زاگرۆس وەکوو هۆکاری سەرەکیی ژیانی و ئەوی دی "سیستمی هزری"مان وەکوو هۆکاری مانەوە و خۆڕاگریمان. لەم کورتەباسەدا نامانهەوێ سەبارەت بە "سیستمی هزریی" کورد باس بکەین، بەڵکوو ئامانج لەم نووسینە کورتە ئاماژەیەک بە خاپوور کردنی ژینگەی زاگرۆسە کە بە تەواوەتی لەو باوەڕەدام کە ئەم بەرنامەیە بەشێکی دانەبڕاو لە پرۆسەی ژینۆساید و ئاسمیلاسیۆنی کوردە، بە واتای دیکە لەنێوبردنی ژینگەی زاگرۆس لە لایەک پرۆسەی ئاسمیلاسیۆنی فەرهەنگیی کورد ڕوون دەکاتەوە و لە لایەکی دیکەیشەوە تەواوکەری پرۆسەی ژینۆسایدی ئەم گەلەیە. باس لە پرۆسەی لەنێوبردنی زاگرۆس بە هۆی دوورودرێژیی مێژووی ئەو گەلە و هەروەها بەربڵاو بوونی پیلانەکە خۆی بە تەنیایی هەڵگری چەندها توێژینەوە و نووسینی کتێب و وتارە، بۆیە بۆ ئەوەی کە خوێنەری ئەم بابەتە هەم بە گشتی لە دۆخەکە تێبگات و هەم وەکوو نموونەیەکی تایبەت ئاوڕێکی ورد لە ناوچەیەک بدەینەوە، باسی پرۆژەی "گواستنەوەی گازی "عسلویە" بۆ عێراق"مان هێناوەتە ئاراوە و بە چڕ بوونەوە لەسەر ناوچەی "هوزمانەوەن"ی کرماشان ویستوومانە ئەم باسە بەتەواوەتی شی بکەینەوە.

چی بووە؟؟

بەشێکی هەرە زۆری دارستانە بەڕووەکانی زاگرۆس لە سێ پارێزگای کرماشان، ئیلام و هەروەها لوڕستان هەڵکەوتووە. ئەو جورە کە ڕاگەیەندراوە، ڕووبەری دارستانەکانی کرماشان ٨٢٢ هزار هێکتاری چوارگۆشە ڕاگەیەندراوە کە لەم پانتاییەدا بە پێی وتەی "موراد شەیخ وەیسی" —بەرپرسی گشتیی سامانە سرووشتییەکانی کرماشان- ١٥٠ هزار هێکتاری لە ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی وشکبوون و لەنێو چوون. لە شاری شائابادی کرماشان دۆخی داربەڕووەکان خراپترە، سەرەڕای ئەوەیکە ٣٣٪ دارستانەکانی پارێزگای کرماشان لە شاری شائاباد هەڵکەوتووە و زۆرترین پانتایی دارستانەکانی کرماشان لەم شارەیە، زۆرترین وێرانکاریی و لەنێوبردنی داربەڕووەکانیش بینی ئەم بەشەی نیشتمانی گرتووە. هەر بە وتەی یەکێک لە بەرپرسانی حکوومەت، ساڵانە ٣٠ هەتا ٤٠ هێکتار تەنیا لە ڕێی یاسایی و گۆڕینیان بە زەویی کشتوکاڵی لەنێو دەچن. هەروەها بە پێی دواهەمین لێکۆڵینەوەکان ٣٣٪ داربەڕووەکانی ئیلام بە تەواوەتی وشک هەڵگەڕاون، کە ڕاگەیاندنی ئەم ڕێژەیە کۆمەڵگای ژینگەپارێزی کوردستانی تاساندووە. ئامارە فەرمییەکان سەبارەت بەم کارەساتە زۆر و لەڕادەبەدەرن و هێنانیان لەم کورتەباسەدا پێویست نیە، بەڵام هەر بە ئاماژە کردن بەو کورتە داتایەی کە لەسەرەوە هاتووە، قووڵایی کارەساتەکە دیار دەکەوێ.ئەگەر بمانهەوێ هۆکارەکانی لەنێوچوونی داربەڕووەکانی کوردستان بە دوو بەشی مرۆیی و سرووشتی دابەش بکەین، و لەم نێوانەدا هۆکاری سەرەکیی ئەم کارەساتە ڕوون بکەینەوە، دەتوانین ئاماژە بە وتەی پسپۆڕانی ژینگە لە ئێران بکەین کە بەپێی ئامارە بڵاو کراوەکان ٧٠٪ لە نێوچوونی ژینگەی زاگرۆس تەنیا هۆکاری مرۆیی هەیە، نەک سروشتی، بە واتایەکی دیکە سێ لەسەر چواری دارستانەکانی زاگرۆس بە دەستی مرۆڤ لەنێو دەچێ و ئەمە سەرەکیترین و گرینگترین خاڵی باسەکەمانە. کاتێک ئێمە دەڵێین حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بە بەرنامەیەکی دارێژراو، سەرەکیترین سەرچاوەی ژیانی نەتەوەی کوردیان کردوەتە ئامانجی هێرشەکەیان، تەنیا لە ڕووی هەستی خۆشەویستی خاک و کوردبوونەوە نیە، بەڵکوو لەم ڕاستایەدا بەڵگە ئەوەندە زۆرە کە تەنیا لێکوڵینەوەیەکی کورت دەتوانێ زۆر شت ڕوون بکاتەوە، بەڵام بەداخەوە لەم بوارەشدا ئێمەی کورد کەمکارییەکی ئێجگار زۆرمان کردووە. ئێرانییەکان بە بیانووگەلێکی جۆراوجۆر و جیاواز هەتا ئێستا توانیوانە بە بێ‌خوست و هێدی هێدی دەماری ژیانی کوردستان ببڕن. کێشانی لولەی گاز لە نێو دارستانەکانی کوردستانەوە، یەکێک لە پیلانەکانی فاشیزمی ئێرانە لە دوو دەیهی ڕابردوودا، کە بەم بیانوویەوە توانیویانە بەشێکی زۆر لە پانتایی دارستانەکان لەنێو ببەن. لەم ڕاستایەدا پرۆژەی "گواستنەوەی گازی عەسلویە بۆ عێراق" کە هێڵی لولەی گازەکە لە نێو دارستانە بەڕووەکانی زاگرۆسەوە تێدەپەڕێ، یەکێک لەو پیلانە حکوومەتیانە دژ بە ژینگەی زاگرۆسە کە زۆرترین خساری بە بەڕووەکانی ناوچەی "هوزمانەوەن"ی کرماشان گەیاندووە. لەم پرۆژەیەدا پانتایی جێگای لولەکان ٦٠مێتر و قووڵاییەکەی ١٦ مێترە، کە ئەم قیاسە بە تەواوی نازانستی و سەرسووڕهێنەرە. ئەم پرۆژە کە لە ساڵی ٩٢دا لە ناوچەکە دەستی پێکردووە، سیمای ژینگەی کوردستانی بە تایبەت لە ناوچەی "هوزمانەوەن" تێکداوە و بێجگە لە ئەمەیش خسارێکی ئێجگار زۆری بە دارە بەڕووەکان گەیاندووە و ڕێژەیەکی زۆریان بڕیاون. "فائۆ" —ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی- بایەخی ئکۆلۆژیکی هەر دار بەڕوویەکی بە ٢٠٠ دۆلار خەملاندووە و هەر لەم بەستێنەشدا "سەعید سولەیمانی" —بەرپرسی ڕێکخراوی "هیلو"- لە وتووێژێکدا دەڵێ؛ بە پێی لێکۆڵینەوەکان هەتا ئێستا ١٠هەزار داربەڕوو بە بیانووی بەڕێوەچوونی ئەم پرۆژەیە بڕدراونەتەوە و ژینگەی ئەم ناوچەیە ١٤هەزار میلیارد تمەن زەرەری پێ گەیشتووە. لە ماوەی ٤ساڵی ڕابردوودا ڕێکخراوە ژینگە پارێزەکانی ناوچە چەندین جار بە نووسینی نامە و ڕێکخستنی خۆپێشاندان هەوڵیان داوە کە پێش بەم وێرانکارییە بگرن کە لە لایەک بە هۆی ئەوەیکە ئەو هەوڵانە چڕوپڕ نەبوونە و لە لایەکی دیکەیشەوە گشتگیر نەبووە، نەیتوانیوە پێش بەو پرۆژەیە بگرێ. یەکێک لە هۆکارەکانی وەڵامدەر نەبوونی ئەو نارەزایەتیانە ئاگا نەبوونی خەڵک بە گشتی لە زەرەر و زیانە بێ‌وێنەکانی ئەو پرۆژەیە و چالاکانی ژینگە پارێزیش لەو بوارەدا زۆر کەمکارییان کردووە و نەیانتوانیوە سەرنجی خەڵک بەرەو ئەو بابەتە ڕاکێشن. لە لایەکی تریشەوە هێزە سیاسییەکانی کوردیش نە بەرنامەیەکی ڕوونیان بۆ ئەم کارەساتە هەیە و نە هەوڵ بۆ کەڵکوەرگرتن لەم بارودۆخە ئەدەن، کاتێک هێزێکی سیاسی بۆ بابەتێک، هەڵوێستی نەبێ، بێشک کردەوەکانی تەنیا "کاردانەوەیی" و "کاتی" دەبێ و بۆیە ناتوانێت کەڵکی لێوەرگرێ و ئەویش بابەتێکی زۆر گرینگ و حەیاتی وەکوو ژینگەی کوردستان.

دەبێ چی بکەین؟؟!!

لە هەر خۆڕاگری و شۆڕشێکی نەتەوەییدا ئەرکەکان بەسەر ئاستی بەرپرسایەتییەکاندا دابەش دەبن و هەروەها ئاستی ئاگایی بە نیسبەت بابەتە ئاڵۆزەکان و پیلانە دژە نەتەوەییەکان، خۆی هۆکارێکی زۆر گرینگ لە دەسپێکی هەر جووڵە و چالاکییەکی نارەزایەتییە. یەکێک لە کێشە هەرە گرینگەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بە تایبەت لە خوارێی نیشتمان، بوونی جۆرێک لە ئاگاییە کە دەتوانین نێوی بنینە "ئاگایی پێچەوانە"، لەم حاڵەتە دەرونییەدا تاک و کۆمەڵگا بە بێ ئەوەی کە بزانێ تووشی نائاگاییە، بە واتایەکی دیکە ئەو شتانە کە تاک و کۆمەڵگا بە ئاگایی کۆمەڵایەتی و سیاسی پێناسەیان دەکات، تەنیا درۆیەکی نێوبەتاڵە کە حکوومەت و بیری زاڵی داگیرکەر لە ڕێگای سیستمی پەروەردە و ڕاگەیاندنێکی بە هێز و بوروکراسییەکی ئستعماری، وەکوو ڕاستی و حەقیقەت دەیداتە دەرخواردی خەڵک. لە پارێزگاکانی باشووری کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە هۆی بەرێوەچوونی چڕوپڕی پرۆسەی ئاسمیلاسیۆن و هەروەها حوزووری حیزبە ناوەندگەرا و پانئیرانیستەکان بە درێژایی یەک سەدەی پێشوو و لە هەموو گرینگتر بەرتەسک بوونی چالاکییەکانی پارتە کوردییەکان لەم ناوچانەدا، ئێمە شاهێدی شکل گرتنی "ئاگایی پێچەوانە" لەم بەشەی کوردستانین، کە بە درێژایی سەدەی ڕابردوو لە زەین و بیری بیرمەندان و خەڵکی ئاساییدا چەقی بەستووە. دوای شەڕی ئێران و عێراق و شکل گرتنی چینێکی خوێندکار و ڕۆشنبیر کە لە بازنەی بزاڤی کوردیدا خۆیان پێناسە دەکرد، بزووتنەوەیەک دژ بەو "ئاگایی پێچەوانە"یە هاتە ئاراوە کە هەتا ئێستاش هەم پەرەی سەندووە و هەمیش بەربلاوتر بووە، بەلام نەبووەتە بزاڤێکی گشتگیر، کە وابوو دەبێ چی بکەین؟؟!!

زاگرۆس و مەترسیی لە نێوچوونی ژینگەی نیشتمانمان تەنیا بابەتێکی تایبەت بە ناوچەیەک نیە، بەڵکوو کێشەیەکی نەتەوەیی بە درێژایی خودی زاگرۆسە. لێرەدا دەتوانین پلانەکان بەسەر دوو مێحوەری سەرەکی‌دا دابەش بکەین:

الف) چڕ بوونەوە لەسەر بڵاو کردنەوەی ئاگایی لەسەر سیستمێکی مودێڕن و پلان بۆداڕێژراو.

ب) ڕێکخستنی چالاکییە ئێعترازییەکان بە شێوەی گشتی. هەتاکوو خەڵک ئاگا نەبن و هەست بە مەترسی نەکەن، ناتوانین چالاکییەکی نارەزایەتی ڕێک بخەین. ئاگاکردنی خەڵک پێویسی بە پلانێکی چڕوپڕ و پسپۆڕانە هەیە کە هەموو هەلومەرجە دەروونی، کۆمەڵایەتی و سیاسییە هەنووکەیی و پێشووەکانی ناوچەکە لەبەرچاو بگرێ و بتوانێ بە لێدوانێکی ئاکادمیک و پسپۆرانە ڕێگاچارە پێشکش بکات. لێرە ئەرکی چالاکانی سیاسی-مەدەنی نێوخۆ و پارتە سیاسییەکان وەکوو دوو بەشی کۆمەڵگای سیاسی-مەدەنی، بە هۆی بەرز بوونی ئاستی بەرپرسایەتیان زەقتر و بەرچاوترە.

## دوو خوێندکاری کورد لە بەشی دوکتورادا شانازیی نوێیان تۆمار کرد



دوو خوێندکاری کورد لە شارەکانی پاوە و سەقز لە خوێندنی قۆناغی دوکتورادا پلەکانی نۆیەم و سێهەمیان بەدەست هێنا.
لە ئەنجامی تاقیکاریی قۆناغی دوکتورا بۆ ساڵی ٩٦ی هەتاوی، دوو خوێندکاری کورد توانییان لە بەشەکانی خوێندنی خۆیاندا لە ئاستی ئێراندا پلەکانی سێهەم و نۆیەم بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.
کچێکی خوێندکاری سەقزی بە ناوی "شەرمین قادرزادە" لە بەشی دوکتورای ئابووری پلەی سێهەمی ئێرانی بەدەست هێنا.
ناوبراو، پێشتریش لە بەشی کارناسیدا پلەی دووهەمی ئێرانی بەدەست هێنابوو.
هەر لەو پەیوەندییەدا، "ماکوان بەهرامی" خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی شاری پاوە، لە تاقیکاری(ph.d) دوکتورای دەروونناسی ساڵی ٩٦ی هەتاوی، پلەی نۆیەمی بۆ خۆی دەستبەسەر کرد.
ماکوان بەهرامی خەڵکی گوندی "هانە گەرمڵە"ی شاری پاوەیە.
چەند ڕۆژ پێش ئێستاش پرۆفسۆرێکی کورد بە ناوی "ئیبراهیم کەریمی" دانیشتووی وڵاتی کانادا توانیی بۆ یەکەمجار لە جیهاندا کامپیوتێرێک ساز بکات کە هەک ناکرێت.

## ژنێکی کرێکار لە کاتی کارکردندا تووشی ڕووداوی کار بوو



ژنێکی کرێکار لە کاتی کار کردندا تووشی ڕووداوی کار بووە و بەو هۆیەوە قامکەکانی دەستی چەپی ئەو ژنە کوردە قرتاوە.
لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ژنێکی کامیارانی لە شوێنی کارەکەی لە کارگەی نایلۆن سازیی ئەو شارە، تووشی ڕووداوی کار بووە.
شوناسی ئەو ژنە کرێکارە بە ناوی "فەرزانە ناوخاسی" خەڵکی گوندی "کاشتەر"ی سەر بە شاری کامیاران ڕاگەیەنراوە.
تۆڕی مافی مرۆڤی کوردستان لەمبارەوە بڵاوی کردەوە، ئەو ژنە کرێکارە لە کاتی کار کردندا، قامکەکانی لە نێو دەزگای نایلۆنسازیدا گیری کردووە و قامکەکانی دەستی چەپی قرتاوە.
بەپێی ئاماری تۆمار کراو لە ناوەندی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لە سەرەتای ساڵی نوێی هەتاویدا، ئەمە شەشەمین کرێکاری کوردە کە تووشی ڕووداوی کار دەبێت.
پێشتریش لە ڕێکەوتی ٢٤ی خاکەلێوە، کرێکارێکی کوردی خەڵکی شاری سەقز لە کاتی بەستنی داربەستی ئاسنیندا بەربووەتەوە و گیانی لەدەستداوە.
شوناسی ئەو کرێکارە کوردە بە ناوی "ب.ع" تەمەن ٣٠ ساڵ ڕاگەیەندرابوو.
ڕەچاونەکردنی ڕێوشوێنەکانی دڵنیایی کار بەردەوام لە ساڵانی ڕابردوودا لە کوردستان و ئێران قوربانیی بەدوای خۆیدا هێناوە و تا ئێستاش بەدواداچوون بۆ بنبڕکردن یان کەم کردنەوەی ئەم حاڵەتانە نەکراوە.

# هێرشی مووشەکیی سنووردار و پەیامێکی بێسنوور

**ئەلبۆرز ڕووئین تەن**

دوای ئەوەی هێرشێکی فڕۆکەکانی سەر بە ڕێژیمی ئەسەد لە شاری ئیدلبی سووریەی ژێر دەستی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە بووە هۆی ئەوەی بە چەکی کیمیایی زیاتر لە ١٠٠ کەس گیان لەدەست بدەن و بە سەدان کەسیش بریندار بن، دونیا جاریکی دیکە هێرشێکی لەو شێوەی بینی کە لە لایەن ڕێژیمێکی دیکتاتۆرەوە خەڵکەکەی بکاتە ئامانجی چەکی قەدەغەکراوی کیمیایی.

ئەو هێرشە دەنگدانەوەیەکی زۆری لە دونیا داهەبوو، تەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکان دانیشتنی بەپەلەی لەسەر پێکهێنا، هەرچەند دەوڵەتی ئەسەد ئینکاری بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەکات، بەڵام دونیا و خۆرئاوا گوێگری ئەو گوتانە نەبوون و ڕێژیمی ئەسەدیان بە تاوانبار زانی و تەنانەت کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشیان کردە ئامانجی ڕەخنە کە پشتیوانی لە ئەسەد دەکات.

دوای ئەو هێرشە ئەمریکا هەر زوو هەم لە نەتەوە یەکگرتووەکان و هەم لە زاری ترامپەوە ئیدانەی توندی ئەو هێرشەیان کرد و بە کردەوەش ٥٩ مووشەکی "تامهاوک"یان ئاراستەی فڕۆکەخانەی "ئەلشەعیرات" کرد کە بە بۆچوونی ئەمریکییەکان لەوێوە هێرشە کیمیاییەکە بەڕێوە براوە.

ئەو هێرشە لە کاتێکدا ڕوویدا کە سەرکۆماری چین لە فلۆریدا میوانی ترامپ بوو، کە ئەوەش واتای خۆی هەبوو. هەروەها دوای هێرشەکە دونیا چاوی بڕییە ڕووسیە کە یەکێکی دیکە لە زلهێزەکانە، چوونکە ئەو هێرشە لە هەمانکاتدا وەڵامێک بوو بۆ ڕووسیە کە پشتیوانیی لە ئەسەد دەکات، بەتایبەت کە دەنگۆی هەبوونی هێزی ڕووسیە لەو فڕۆکەخانەیەدا هەبوو.

هەر لە یەکەم ساتی سەرکەوتنی ترامپ و نیگەرانی یا خۆشحاڵیی وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ ئەو سەرکەوتنە، دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو کە شایەدی گۆڕانکاری لە سیاسەتی زلهێزێکی وەکوو ئەمریکا لە ناوچەدا دەبین.

چوونکە سیاسەتی هەشتساڵی ئۆباما دەستی ئێرانی بۆ دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچە زیاتر ئاوەڵا کردبوو، تەنانەت کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی ئەو دەستێوەردانانەوە ئیمتیازی پێویستیان لە کاتی دانووستاندن لەگەڵ خۆرئاوا بەدەست دەهێنا.

هەربۆیەش وەک ئەوەی هەموو دونیا چاوەڕوانی کردەوەیەکی وا بن سەیری ئەو هێرشەیان کرد. ئەو هێرشە مووشەکییە سنوورداره چەندین پەیام لەخۆ دەگرێت کە تەنیا بۆ دیکتاتۆری سووریە و سنوورەکانی سووریە نیە، بەڵکوو زۆر وڵاتی دیکە دەگرێتەوە. بۆیە هەر چەند شرۆڤەی هاتنی ترامپ و سیاسەتی نوێی ناوچە گرینگ بوو، پێدەچێ شرۆڤەی ئەو پەیامە دوای ئەو هێرشە گرنگیی خۆی هەیە .

یەکەم پەیام بۆ ڕێژیمی ئەسەد بوو کە ساڵی ٢٠٠٣ و کاتی هێرشی ئەمریکای بۆ سەر وڵاتی عێراق وەبیر ئەسەد هێنایەوە، چوونکە ئەوکاتیش بە بیانووی هەبوونی چەکی کیمیایی هێرش کرایە سەرعێراق و دیکتاتۆری بەناوبانگ سەدام. هەروەها نیشانی دا کە دەوڵەتی ترامپ بە کردەوە سیاسەتێکی نوێ ڕەچاو دەکات، تەنانەت ئەگەر پێویست بکات هێرشی لەشکری یا مووشەکی دەکات کە ئەوەش سنوورێکە کە بۆ کردەوەکانی ڕێژیمی دادەنێت.

پەیامی دووەم بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو، چوونکە جیا لە ئۆتۆریتەی ئێران لە سەر ئەسەد و سووریە، ئۆتۆریتەی تایبەتی ئێران لە سەر هێزی ئاسمانیی ڕێژیمی سووریە و بەکارهێنانی فڕۆکەوانە ئێرانییەکان لە لایەن هێزی هەوایی ئەسەدەوە هەیە کە ئەو چەندە بۆ زۆر کەس ڕوون نییە، هەربۆیە بەشێکی زۆری بەردەوامیی شەڕ و مانەوەی ئەسەد دروستکردنی ناکۆکیی نێوان ڕووسیە و تورکیە و هەروەها سووریە و تورکیە لە ڕێگەی ئەو هێزە ئاسمانییەوە، ببوە هۆی ئەوەی ئێران تاکە ئەکتەری کاریگەری ئەو شەڕە لە سووریە بێت کە بە تەواویی پلانەکانی جێبەجێ دەبوون، بەڵام ئەو هێرشە نیشانی دا ئیتر بەرەبەرە کۆتایی دێت بەو کاریگەرییە، چوونکە ئەمریکای سەردەمی ترامپ تەنیا سەیری ڕووداوەکان ناکات، بەڵکوو هەڵوێست و دژکردەوەی دەبێت. بەتایبەتی هێرش بۆ سەر فڕۆکەخانە و فڕۆکەکان دەبێت ئەو واتایەی هەبێت.

پەیامی سێیەم بۆ ڕووسیە بوو، چوونکە ڕووسیەش بە پیلانی ئێران تا ڕادەیەک بەرەو زەلکاوی سووریە ڕاکێشراوە، ئەو هێرشە بە بێ هاوئاهەنگیی ڕووسیە و تەنیا لە ڕێگەی ئاگادارکردنەوەی چرکەساتی کۆتایی، پەیامێکی ڕوون بوو بۆ ڕووسیە کە دەبێت دەست لە پشتیوانیی ئەسەد هەڵگرن و لە هاوکێشەی ئێران بێنەدەر، ئەگەرنا ئەمریکای نوێ بەرەنگاری دەبیتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو هاوکێشەکە ئەکتەرێکی وەک ڕووسیەی تێدا بیت. هەروەها ئەو هێرشە جارێکی دیکە سەلماندی کە وێڕای کاریگەریی، ڕووسیە ناتوانێت زلهێزێکی وەکوو ئەمریکا هەمیشەیی بێت، بەڵکوو دەتوانرێ پشتگوێ بخرێت، و لەوانەشە ببێتە هۆی ئەوەی بەخۆیدا بچێتەوە لەو هاوکێشەیەی کە تەنیا ئێران قازانجی لێ دەبات و مرۆڤایەتی بەردەوام ئازاری پێدەگات، بێتەدەر.

هەروەها نابێت پشتیوانانی ئەو هێرشە لەبیر بکرێت کە جاریکی دیکە هێڵی هاوکێشەکانی خۆیان تۆخ کردەوە، کە عەرەبستان و تورکیە و ئیسرائیل بە پشتیوانی فەرمیی خۆیان، پەیامی کاریگەریی ئەو بەرەیان لە داهاتوودا بە گوێی هەموو لایەک بەتایبەت ئێراندا گەیاند.

بێگومان شەڕ و ئاڵۆزیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی زۆر نالەبار کردووە بۆ مرۆڤەکان، بۆیە لایەنگری شەڕبوون باش نییە، بەڵام ڕاستیی سیاسەتی ناوچە و دەستێوەردانەکانی ئێران کە بەشێکی بەرچاوی ئەو شەڕ و ناکۆکییانەن، ئەگەر لە ڕێگەی گوشاری ڕاستەوخۆ و تەنانەت هێرشی لەم چەشنە نەبێت، ئەوە ناتوانرێ سنوورێک بۆ خوێنڕێژی و دڕەندەیی ئەو دیکتاتۆرانە دابنرێت، هەر بۆیەش ئەو هێرشە بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لە خوێنڕێژیی زیاتر و کاولکاریی زیاتر، بە پێویست دەزانرێ.



## هەیئەتێکی یەکیەتیی کوردانی کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو سەردانی حیزبی دێموکراتیان کرد



هەیئەتێکی یەکیەتیی کوردانی کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لەو سەردانەدا پشتیوانیی خۆیان بۆ خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەربڕی.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ی هەتاوی، هەیئەتێکی یەکیەتیی کوردانی سۆڤیەت سەرانی حیزبی دێموکراتیان کرد و لە لایەن هەیئەتی دەفتەری سیاسیی حیزب بە سەرپەرستیی "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات پێشوازییان لێ کرا.

ئەو هەیئەتە لە "تاهیر سولەیمان" سەرۆکی یەکیەتیی جڤاتی ئازەربایجان، خاوەنی ڕۆژنامەی "دیپلۆماتا کورد" و ئەندامی یەکیەتیی جڤاتی کۆنگرەی کوردی سۆڤیەتی پێشوو، "بەرزانی عەلۆ" سەرۆکی یەکیەتیا جڤاتا کوردێن سانپێترزبۆرگ، "مامێ مامۆی" سەرۆکی کۆمەڵا دۆستانیا کورد و ڕووسیە، "نورەدین عەلی خان" ئەندامی یەکیەتیا جڤاتا کوردێن قرقیزستان" و "ڕووسلان عەلی خانی" ئەندامی یەکیەتیا جڤاتا کوردێن قەزاقستانێ" پێکهاتبوو.

لەو دیدارەدا کۆمەڵێک باسی گرینگی وەک "مێژووی خەباتی گەلی کورد بۆ ڕزگاری، قوربانی و فیداکاریی نەتەوەی کورد بۆ ئاشتی و پێکەوەژیانی بەرابەر و هەروەها خەباتی ئێستای کورد دژی تێرۆریزم خرایە بەر باس.

لەو دیدارەدا، هەیئەتی یەکیەتی کوردانی سۆڤیەت باسیان لە سەر پرسی کورد بە گشتی و بە تایبەتی لە ناوچەکەدا کرد و وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر یەکڕیزیی کورد، پشتیوانیی خۆیان لە ڕێفراندۆم لە باشووری کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی دەربڕی و هیوای سەرکەوتنی زیاتریان بۆ کورد لە خەبات بۆ ئازادی و پێکەوەژیانی بەرابەر خواست.

هەر لەو دیدارەدا هەیئەتی ناوبراو وێڕای پشتیوانی لە خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە سەر یەکڕیزی و یەکیەتیی نێوان گەلی کورد پێداگرییان کرد.

لە کۆتایی ئەو دیدارەدا دوو لایەن لە سەر درێژەدان بە پێوەندییەکانیان و هاوکاریی چەند لایەنە جەختیان کردەوە.

## ئامریکا بڕیاری دا چەک بە پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بفرۆشرێت

هەواڵدەرییەکانی سەر بە پێنتاگۆن بڵاویان کردەوە کە؛ وەزارەتی بەرگریی ئامریکا پیشنیاری کردووە کە چەک بە هێزەکانی پێشمەرگە بفرۆشرێت و وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەشیان ڕەزامەندیی خۆی لەسەر ئەو بڕیارە نیشان داوە.

وەزارەتی پێشمەرگەش دەڵێ؛ "ئەوە یارمەتیی ئامریکایە، نەک فرۆشتن".

تۆڕی میدیایی ڕووداو لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی کردەوە کە؛ وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا ناسراو بە پێنتاگۆن داوا لە حکوومەت و کۆنگرێسی وڵاتەکەی دەکات کە ڕەزامەندی لە سەر فرۆشتنی چەک، بە بڕی ٢٩٥ ملیۆن دۆلار بە هێزەکانی پێشمەرگە نیشان بدەن.

لەو پەیوەندییەدا "ئاژانسی هاوئاهەنگیی ئاسایشی بەرگری" سەر بە پێنتاگۆن ڕاگەیەنراوێکی بڵاو کردەوە و تێیدا ئاشکرای دەکات کە، پێنتاگۆن داوای فرۆشتنی چەک و تەقەمەنی بە بڕی ٢٩٥ ملیۆن دۆلاری بە هێزەکانی پێشمەرگە کردووە.

ڕاگەیەنراوەکە هەروەها دەڵێت کە؛ وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا ڕەزامەندیی لەسەر پێشنیارەکە نیشان داوە و هاوکات کۆنگرێسیش ئاگادار کراوەتەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە کە؛ چەکەکان تایبەت دەبن بە یەکەکانی پیادە و تۆپخانەی هێزەکانی پێشمەگە.

زانیارییەکان باس لەوە دەکەن کە؛ چەکە پێشنیارکراوەکان بریتین لە:

- ١١٣ هەمەر.
- ٣٦ تۆپی جۆری هاویتزەری ١٠٥ ملم.
- سیستەمی ناسینەوەی چەکی کیمیایی و بایۆلۆژی.
- ئامێری پاراستن لەو جۆرە چەکە کۆمەڵکوژانە.
- ٤٤٠٠ پارچە چەکی سووک.
- ٤٦ دۆشکە.
- ١٨٦ چەکی جۆری B-M٢٤٠
- ١٢ مۆلیدەی کارەبایی.
- چەندین جلوبەرگی گوللەنەبڕ و کڵاوی سەربازی
- پێداویستی تەندروستی
- ئۆتۆمۆبێلی ئەمبۆڵانس و تانکەری گواستنەوەی سووتەمەنی و ئاو

هاوکات ئەمینداری وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەو پەیوەندییەدا رایگەیاند کە؛ کۆنگرێسی ئامریکا ئەو بڕە پارەیەی وەکوو یارمەتی بۆ هێزە چەکدارەکانی عێراق دابین کردووە، و هاوکات وەزارەتی بەرگریی ئامریکاش ڕایگەیاندووە کە؛ لەو بڕە پارەیە ٢٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە هێزێکی کاریگەرە لە شەڕی دژی تیرۆر و دژی داعشدا، تەرخان بکرێت.

مێژووی تیرۆر لە چوارچێوەی جوغرافیای ئێراندا بۆ سەردەمێکی کۆنتر دەگەڕێتەوە، بەڵام لە مێژووی هاوچەرخی ئێستادا وشەی تیرۆر لە ڕۆژڤی سیاسیدا لە ڕوانگەیەکی مەترسیدار و ئەمنییەتی سەیری دەکرێت، ئەوە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە کە تیرۆری وەک ئەبزارێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بەکار هێناوە و دێنێت.

سەرچاوەی هێزی و کردەوەی تیرۆر لە سیستمی دەسەڵاتی ڕێژیمی تیرۆریستیی ئێراندا کە گرووپێک بە ناوی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران جڵەوی ئەو دەسەڵاتەی لە دەستدایە بۆ چەند هۆکاری بیر و ئەندیشەیی لەو ڕێژیمەدا دەگەڕێتەوە، ١. هەناردەکردنی شۆڕش بە بڕیاری خومەینی ٢. توندوتیژی لە ئەدەبیاتی خومەینی و لابردن و کوشتنی هەموو جیابیران ٣. پشتیوانی لە گرووپە توندئاژۆکانی جیهان (لە ژێر ناوی موستەزعەفین) ٤. دامەزرندانی گرووپی توندڕەوی ئایینی و پشتیوانی لەو گرووپانە لە هەموو ناوچە و جیهان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان و لە سەرووی هەموویانەوە ئیقدامی تیرۆریستی ٥. شەڕ هەڵایساندن لە نێوان شیعە و سوننە.

تیرۆریزمی دەوڵەتی و پشتیوانی لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، پێناسەی بەجیهان ناسێندراوی ڕێژیمی ئێرانە.

لە کردەوە بەناوبانگە تیرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی لە چەند دەیە دەسەڵاتدارییدا دەتوانین هەر لە سەرەتاوە ئاماژە بە تیرۆری ئایەتوڵڵا تاڵەقانی و ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری بکەین کە دژی بۆچوونەکانی خومەینی بوون و تیرۆریان کردن.

لە دەرەوەی وڵات سیاسەتڤان و ڕێبەری گەورەی وەکوو دوکتور قاسملوویان لە سەر مێزی بەناو وتووێژ تیرۆر کرد. لە پاریس شاپوور بەختیاریان بە شێوەیەکی دڕندانە کوشت. لە بێرلین دوکتور شەرەفکەندییان تیرۆر کرد کە لە دادگای ئاڵمان سەرانی ڕێژیمی ئیسلامیی تاران بەو بۆنەوە مەحکووم کران بە سەرکەردایەتیی تیرۆری نێودەوڵەتی.

پرۆژەی تیرۆر بە شێوەیەکی زۆر بەرنامەدارێژراو لە ڕێژیمی ئێراندا لە ساڵەکانی ١٣٥٨ی هەتاوی دەست پێدەکات و هەنووکەش ئەو ڕێژیمە لە دوایین ڕاپۆرتی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئامریکادا وک یەکەم ڕێژیم و سەرەکیترین ڕێژیمی تیرۆریست و پاڵپشتی تیرۆریزم لە جیهاندا پێناسە کراوە.

یەکێک لە تیرۆرە نێودەوڵەتییەکانی ڕێژیمی ئێران کە سیمای ڕاستەقینەی ئەو ڕێژیمەی پیشانی کۆمەڵگای جیهانی دا، تیرۆری میکۆنووس بوو.

دوکتور شەرەفکەندی لە کاتێکدا بوو بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات کە جەمسەری کۆمۆنیستیی ڕۆژهەڵات تێکرووخا و خولێکی نوێ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەستی پێکرد.

دادگایەک کە بەناوی دادگای میکۆنووس ناودێر کرا، ڕێبەرانی پایەبەرزی ڕێژیمی ئێرانی وەکوو فرماندەرانی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی مەحکووم کرد. حوکمێک کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی لەگەڵ قەیرانێکی جیدی بەرەوڕوو کردەوە.

ڕۆژی ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ی زایینی بەرانبەر لەگەڵ ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦ی هەتاوی، دادگایەکی بێرلین، حوکمی مێژوویی دەرکرد و تێیدا سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی و لە سەرووی هەموویانەوە عەلی خامنەیی و ڕەفسەنجانی و فەلاحیانی سەبارەت بە بڕیاردانی تیرۆری دوکتور شەرفکەندی و هاوڕێیانی بە تاوانبار ناساند.ڕۆژی ١٠ی ئاوریل، لە بڕیارێکی مێژووییدا، دادگای بێرلین، ناسراو بە دادگای پەروەندەی ڕێستۆرانی میکۆنووس یان بە کورتی دادگای میکۆنووس، کردەوەی تیرۆریستیی تیرۆرکردنی دوکتور شەرەفکەندی، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی لە ڕێستۆرانی میکۆنووسدا بە کردەوەیەکی بەرنامە بۆدارێژراو و بڕیاردراو لە لایەن بەرپرسانی هەرە سەرەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناساند و حوکمی دەستبەسەرکردنی بۆ سەرانی ئەو ڕێژیمە بەتایبەت خامنەیی و ڕەفسەنجانی و فەلاحیان وەزیری ئەوکاتی ئیتلاعات دەرکرد و بکەرانی ئەو کردەوە تیرۆریستیەی بە تاوانبار ناساند و حوکمی زیندانی هەتاهەتایی و زیندانی درێژماوەی بۆ دەرکردن.

تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات لە ڕێستوورانی میکۆنووس، ڕۆژی ١٧ی سێپتامبر١٩٩٢، ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ دوای بەشداریی دوکتور سەعید و هاوڕێیانی لە کۆبوونەوەکانی



# دادگای میکۆنووس، ئاشکرابوونی تیرۆریزمی نێودەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران

ئا: جەماڵ ڕەسووڵ دنخە

ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست لە وڵاتی ئاڵمان ئەنجام درا. دوای ئەو کۆبوونەوانە دوکتور شەرەفکەندیی نەمر دەیویست ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هاوئاهەنگ بکا و لە کاتی دیالۆگ بۆ پێکهێنانی هاوئاهەنگی و دروستکردنی چەتری هاوبەشدا بوون کە تیرۆریستانی نێردراوی ڕێژیمی تاران، بە ئەمری ڕێبەرانی ڕێژیم و بە تیمێکی هاوبەشی ئێرانی و لوبنانی، دەسرێژیان لە کۆبوونەوەکە کرد و بەتایبەتی دوکتور شەرەفکەندی و هەیئەتی هاوڕێیان کردە ئامانجە گلاوەکەیان و شەهیدیان کردن.

دوای پێنج ساڵ لە ڕەوتی درێژەداری دادگای میکۆنووس و دوای گوشاری زۆری کۆماری ئیسلامی، دادگا و دادوەری بوێر و دادپەروەری ئاڵمانی حوکمێکی مێژوویی دەرکرد و سەرانی کۆماری ئیسلامیی بە تاوانباری سەرەکیی ئەو کردەوە تیرۆریستیە ناساند.

شیاوی ئاماژەیە کە لە ئێستاشدا هەموو ڕای گشتی و ناوەندە ئازاد و پێشکەوتووەکانی جیهان باس لە تیرۆریست بوونی کۆماری ئیسلامی دەکەن و بە سەرچاوەی تیرۆر لە ناوچە و جیهانی دەناسێنن کە پشتیوانی سەرەکیی گرووپە تیرۆریستیەکانە و سەرچاوەی سەرەکیی بشێویی و ئاڵۆزی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە.

حوکمی دادگای میکۆنووس لە ڕێکەوتی ٢١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٧٦دا دەرکرا کە کازم دارابی دانیشتووی ئێران و عەباس ڕەحیل خەڵکی لوبنان بە زیندانی هەتاهەتایی و یوسف ئەمین و محەممەد ئیدریس خەڵکی لوبنان بە ١١ساڵ و ٥ ساڵ زیندان مەحکووم کران کە گەورە بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران لە بڕیاردەرە سەرەکییەکانی ئەو کردەوە تیرۆریستیە بوون.

بەرپرسانی ئەو کاتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران واتە "هاشمی ڕەفسەنجانی"، سەرکۆماری ئەو کاتی ئێران، "عەلی فەلاحیان" وەزیری ئیتلاعات، "عەلی ئەکبەر ویلایەتی" وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەو کاتی ئێران و "سەید عەلی خامنەیی" ڕێبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەستیان لە تیرۆری ڕێبەرانی گەلی کورددا هەبوو.

ئەمرۆکەش ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەردەوام درێژە بە کردەوەی تیرۆریستی لە نێوخۆ و وڵاتانی ناوچەکە دەدات و بەردەوام لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە بە دەستێوەردان و کردەوەی تیرۆریستی مەحکووم کراوە.

تیرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران بۆتە جێگای مەترسی لەسەر بارودۆخی وڵاتانی جیهان و بە تایبەت وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ڕۆژانە بە یارمەتیی ماڵی و مەعنەوی لە گرووپە توندئاژۆکانی وەکوو حیزبوڵڵای لوبنان، حەماس و ... خەڵکی سڤیل بە کوشت دەدات.نموونەی هەرە بەرچاوی تیرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران لە وڵاتی سووریە لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی بەعسی بەشار ئەسەد خۆ دەردەخات، نزیک بە ٤ ساڵە شەڕ و پێکدادانە نیزامییەکان لەو وڵاتە درێژەی هەیە و بە هەزاران کەس کوژراون و بەمیلیۆنان کەس ئاوارە بوونە.

پشتیوانیی ماڵی و نیزامیی ڕێژیمی ئێران لە گرووپە تیرۆریستیەکان تێچوویەکی زۆر هەڵدەگرێت، ئەوەش لە کاتێکدایە کە خەڵکی ئێران لە دژوارترین دۆخی ژیاندا بەسەر دەبەن.

لەو پێوەندییەدا ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتووێژێکی لەگەڵ "کاوە ئاهەنگەری" نوێنەری حیزبی دێموکرات لە وڵاتی بێلژیک پێکهێناوە.

دەقی وتووێژەکە:

**پ . تیرۆر و تیرۆریزمی دەوڵەتی پێناسەکەی چیە؟**

**و. تیرۆر بە کردەوەیەکی توندئاژۆیانە دەگوترێ کە بە مەبەستی نەهێشتن، لەنێوبردن یان تەنانەت پێکهێنانی ترس و خۆف لە نێو کۆمەڵانی خەڵک یان تاکەکان ئەنجام دەدرێ. ئەم کردەوەیە دەکرێ بۆ مەبەستی سیاسی بەڵام بە بیانووی ئایینی، سیاسی یان عەقیدەتی بەڕێوە بچێ. ئەگەر کردەوەی تیرۆر لە لایەن دەوڵەت بە شێوەی ڕەسمی یان بەشێک لە دامودەزگاکانی دەوڵەتی بەڕێوەبچێ بەو جۆرە تیرۆرە دەوترێ" تیرۆری دەوڵەتی". بەو مانایە کە دەوڵەت بۆ مەبەستی تایبەتی و بە قازانجی خۆی لە ئیمکاناتی بەردەستی بۆ پێکانی مەبەستەکەی کەڵک وەردەگرێ.**

**پ . ڕێژیمی ئێران و کردەوەی تیرۆر تا چەندە پێکەوە هاوتەریبن؟**

و. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تیمێکەوە پێناسە دەکرێ کە ئەم گرووپە بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێرانیش توندئاژۆ بوون و کاری تیرۆریستییان ئەنجام داوە. بە دوای بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن ئەم گرووپە توند ئاژۆیەوە، سڕینەوە و نەهێشتنی دژبەران و نارازییان یەکێک لە کارە سەرەکییەکانیان بووە. بۆیە هەر بە دوای گۆڕینی ڕێژیم قەڵاچۆ کردن، تیرۆری کەسایەتییەکان و بێ سەروشوێن کردنی نارازیان دەبێتە ڕێکارێکی ئاسایی بۆ ڕێژیم.

**پ . لە بیستەمین ساڵی تیرۆری میکۆنووس هەڵوێست و ئیقدامی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بۆ زیندوو کردنەوەی ئەم بڕیارە مێژووییەی دادگای بێرلین چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

و. لە ماوەی ڕابردوودا چەند هەڵوێستی هاوئاهەنگ و کۆدەنگی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(بۆ نموونە ساڵرۆژی تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، نەورۆزی جامانەکان) توانی لە لایەکەوە دڵی کۆمەڵانی خەڵک خۆش بکات و وزە و هیوا بداتەوە بە خەڵک، لە لایەکیترەوە ڕێژیم بۆ جارێکی دیکە زانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات خاوەن جێگە و پێگەی جەماوەرین و لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا خاوەن هێزن. ئێستا کە دادگای میکۆنووس تەواو بووە و حوکمی ئەو دادگایە ستاتوویەکی نێودەوڵەتی بە خۆیەوە گرتووە، زۆر باش دەبێ ئەگەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵات هاودەنگ و یەکگرتوو لەم کەیسە بە قازانجی دۆزی کورد لە ئێران لە نێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کەڵک وەرگرن.

> **ئێستا کە دادگای میکۆنووس تەواو بووە و حوکمی ئەو دادگایە ستاتوویەکی نێودەوڵەتی بە خۆیەوە گرتووە، زۆر باش دەبێ ئەگەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵات هاودەنگ و یەکگرتوو لەم کەیسە بە قازانجی دۆزی کورد لە ئێران لە نێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کەڵک وەرگرن.**

**پ . کاریگەرییەکانی ئەو بڕیارەی دادگای بیرلین لە سەر ڕێژیمی ئێران چی بووە؟**

و. بۆ یەکەمجار بوو کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە دوای تیرۆری سەدان چالاکی سیاسی و دژبەری ڕێژیم لە وڵاتانی دیکە، دەکەوتنە بەر تیغی عەداڵەت و لە دادگایەکی عادڵانە و دێموکراتیک لە وڵاتێکی ئورووپایی بە ڕاشکاوی و سەربەخۆیانە دادگایی دەکران. هەرچەند پرۆسەی دادگایی کردنەکە زۆری خایاند، بەڵام لە کۆتاییدا و تەنانەت بە موداخلەی زۆر دەستی تر بۆ بە لاڕێدابردنی دادگای میکۆنووس، حوکمی کۆتایی تاوانبار ناساندنی ڕێژیمی کۆماری ئسیلامی بوو، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەبوو، ئەوەندە کە وڵاتانی ئورووپایی باڵوێزی خۆیان بانگهێشتی وڵاتی خۆیان کردەوە و توانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە تەواوی کش و مات بکات. بۆ ڕێژیم زۆر گران کەوت و هەر بە دوای ئەم بڕیارەی دادگای میکۆنووس بوو کە کۆماری ئیسلامی ئیتر نەیتوانی لە ئاستی ئورووپادا بە شێوەی جاران دەست بەرێ بۆ ڕەشە کوژی و دژبەرانی خۆی تیرۆر بکات.

**پ . بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران زۆر جار باس لەوە دەکەن کە تیرۆری جیابیران وەک دوکتور قاسملوو و شەرەفکەندی بوو بە هۆی رووخانی سیاسەتی دەرەوەی ئەو ڕێژیمە؛ ئێوە چۆن ئەو لێدوانەی بەرپرسانی ڕێژیم شرۆڤە دەکەن؟**

و. وەکوو پێشتریش باسم کرد تیرۆری میکۆنووس زەربەیەکی گەورەی لە ویجهەی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی وڵاتانی ڕۆژئاوا دا، ئەمە حاشا هەڵنەگرە و قەیرانی دیپلۆماتیک لە نێوان ڕۆژئاوا و کۆماری ئیسلامی بە دوای دەرکردنی بڕیاری دادگا سەلمێنەری ئەم ڕاستیەیە.

**پ . ڕەوتی ئیسلاح تەڵەبی لە ئێراندا، بەرهەمی بە تیرۆریزم ناساندنی ئەو ڕێژیمە بوو بۆ ئەوەیکە دیسان بتوانێت لە نێوخۆ و دەرەوە خۆی پێناسە بکاتەوە؛ کاریگەرییەکانی ئیسلاح تەڵەبی لە سەر کۆمەڵگای ئێران چی بووە؟**

و. لە ڕاستیدا ئیسلاحتەڵەبانی حوکمەتی وەک بژاردەکانی نێو حاکمیەت — بە تایبەت ئەوانەی لە ڕۆژئاوا خوێندیان و دواتر گەڕانەوە ئێران- زوو بەوە گەیشتن کە ناتوانن چیتر بەو گوتار و مێتۆدە ئینقلابی و توندئاژۆیانەیان لە ئاستی نێودەوڵەتی حزووریان هەبێ، بۆیە کەوتنە بیری پێکهێنانی گۆڕان لە گوتە و کردەی سیاسی- ئەگەر لە ڕواڵەتیشدا بێ- و تیۆریزە کردنی تێزی ئیسلاحات لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا. نزیک بیست ساڵە ئیسلاحتەڵەبی وەک گوتارێکی سەرەکیی شوێندانەر لە ئاست دەستەبەندی کردنی گرووپ و باڵەکانی نێو حاکمیت واتە فۆرماسیۆنی سیاسی لە نێو حاکمییەتدا و کارتێکی یەکلاکەرەوەی زەینیەتی هێزی گشتی لە کاتی هەڵبژاردنەکان ڕۆڵ دەگێڕێ. بە تایبەت بە دوای دادگای میکۆنووس ئەم گرووپە کەوتوونەتە جم و جۆڵێکی چڕتر بۆ سازگارترکردنی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دنیای دەرەوە.

**پ . تا چەندە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە بە تیرۆریزم ناساندنی ڕێژیمی ئێران لە جیهاندا بە سوودی خۆیان کەڵکیان وەرگرتووە؟**

و. زۆر بە داخەوە زۆر بە کەمی لەم پێوەندییەدا چالاک بوون. ئەمەش ڕەخنەیەکی گەورەیە کە دێتەوە سەر -بە تایبەتی -حیزبی شەهیدانی ڕێبەر.

**پ . لە ئێستادا زلهێزانی جیهان بەردەوام باس لە سیاسەتی تیرۆریزمی ڕێژیمی ئێران دەکەن؛ ئایا وڵاتانی زلهێز بۆ بەرەنگاربوونەوە دژی ڕێژیمی ئێران هیچ هەنگاوێک دەنێن؟**

و. زیاتر ڕۆژئاواییەکان و بە تایبەتی ئامریکا و دۆستانی ستراتیژیکی وەک بریتانیا و فەڕانسە و ئاڵمان، لەو پێوەندییەدا قسە دەکەن. بەڵام بۆ هەڵێنانی هەنگاوی عەمەلی بە دژی ئێران هەندێک فاکت پێویستن کە شیمانە دەکرێ لە دەستدا هەن بۆ بەرەنگاربوونەوەیەکی جیدیتر دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە دەتوانین بە دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە سەرووەری سیاسی وڵاتانی دیکە، هەناردەکردنی گرووپی تیرۆریستی بۆ دەرەوی وڵات، پشتیوانی لە گرووپە تیرۆریستییەکان، پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە نێوخۆ، بەزاندنی یاسای گەمارۆکان و ڕۆڵی سەرەکیی سپای پاسداران لە قاچاغی مادە هۆشبەرەکان بۆ ڕۆژئاوا و .... هتد، ئاماژە بکەین. بۆیە پێموایە کە ئەمانە دەتوانن کۆمەڵێک فاکت بن لە ڕووبەڕووبوونەی جیدیتر بە دژی ئێران.

**پ . ڕا و بۆچوونی ئێوە لە سەر بڕیاری دادگای بێرلین چیە؟**

و. بڕیارێکی بوێرانە، کاریگەر، ئەخلاقمەدار، ئازاد و دێموکراتیک بوو. بە داخەوە زۆر جار عەداڵەت و ڕاستی لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا دەبێتە قوربانیی بەرژەوەندیی ماڵی. بەڵام دادگای مێکۆنووس نیشانی دا هێشتا عەداڵەت و داد لە جیهاندا بوونی هەیە و من وەکوو خۆم سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنم بۆ دادگای میکۆنووس و ستافی قەزایی ئەو دادگایە.

بەشی دووهەم

# گرێچنی هونەر و شۆڕش

## هونەرمەند قادر ئەلیاسی لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ژووری پێشمەرگە و ڕاسان - ئەدەب و هونەر

دیمانە: هیوا میرزایی
ئامادە کردنی: سارا پارسا

**پ_ قادر ئەلیاسی هونەرمەند و قادر ئەلیاسی پێشمەرگە چ جیاوازییەکیان هەیە و ئەگەر دەکرێ سەبارەت بە سەردەمی پێشمەرگایەتی و ئەو قۆناغە شۆڕشگێرییە کە جنابت تێیدا ڕۆڵتان گێڕا باسێکمان بۆ بکە؟**

و_ من جیاوازییەک لە بەینی قادر ئەلیاسیی گۆرانیبێژ یان هونەرمەند لەگەڵ قادر ئەلیاسیی پێشمەرگە نابینم. لە سەنگری هونەری بەرگری، هونەری گۆرانی و هونەری ڕەسەنی کوردیدا لە ڕاستیدا ئەو کەسەی کە خزمەت بە میللەتەکەی و فەرهەنگ و تۆرەی گەلەکەی دەکا، لەگەڵ پێشمەرگەیەکدا کە چەکی لە شانە یا قەڵەمی بۆ وریایی و وشیاریی خەڵکەکەی بەکار دەهێنێت، بەرگری لە ئامانج و بەرگری لە گەلەکەی دەکات، ئەوانە دوو باڵی جەستەیەکن. من بە جیاوازیان نازانم، بۆیە لە سەنگەری پێشمەرگایەتیدا گەلێک شانازیم پێ بەخشراوە، گەلێک ئازیز و خۆشەویستم دیوە و لەگەڵیان بووم و لە خزمەتیاندا بووم و گۆرانیم بۆ چڕیون، لە کاتی شەهید بوونیاندا شینم بۆ گێڕاون و لەسەر شانۆش کە کاری هونەریم کردووە و گۆرانیم چڕیوە بۆ خەڵک، دیسان هەر هەمان سەنگەرم بەبێ جیاوازی هەڵبژاردووە و هەر دوو لایەنەکە یان هەردوو ئەرکەکەم بە خزمەت بە گەلەکەم زانیوە، بەڵام مەگەر بڵێی جیاوازییەکان چی بێت لە چۆنییەتی کارەکەدا، هونەرمەند ڕەنگە بە تایبەت لە وڵاتانی ئورووپایی گیانی لە مەترسییدا نەبێت، بەڵام پێشمەرگایەتی گیانی مرۆڤ دەخاتە مەترسییەوە. بەڵام هەردوو ئامانجەکە دوو ئامانجی پیرۆزن، بۆ بەختەوەری و دڵخۆشیی گەلەکەیان پێکەوە یان هاوشان و هاوتەریب داکۆکی لە ماف و ئارمانجی ئەو گەلە دەکەن، چ لە هونەری ڕەسەنی کوردی و چ لە سەنگەری پێشمەرگایەتیدا، زۆر بیرەوەری هەن لەو بارەوە بەڵام لەم دەرفەتەدا ڕەنگە مەجالی ئەوە نەبێت. بە هەر حاڵ بە هەردوو سەنگەرەکە شانازی دەکەم و هیوادارم گەلەکەم، میللەتەکەم، حیزب و خەباتەکە، لانیکەم وەکوو ئاڵەکۆکی دەست شوانی زانیبێت و لێم وەربگرێت.

**پ_ بەڕێز ئەلیاسی لە وەڵامی بەشێک لە پرسیارەکاندا باستان لە هونەری سەربەخۆ کرد، هونەری سەربەخۆ چییە و هونەرمەندی سەربەخۆ کێیە؟**

و_ هونەری سەربەخۆ ئەو هونەرییە کە دەتوانێت بمێنێتەوە. کاتێک ئێمە باسی هونەری سەربەخۆ دەکەین بە واتای ئەوە نییە کە ئێمە لە ژیانی خۆماندا هیچ بیرەوەرییەک یا هیچ شتێکی دیکە پێکەوە گرێ نەدەین، نە، هونەری سەربەخۆ لە ڕوانگەی منەوە کاتێک سەربەخۆیە کە هونەرمەند بتوانێت بەپێی گرێدانەوەی هونەری فۆلکلۆر و هونەری هونەرمەندانی پێشووی گەلەکەی و شێعر و پەیڤ و وتەی شاعێران و تەواوی ئەو شتانەی کە لە نێو دڵی خەڵکەکەیدایە، شتیک بەرهەم بهێنێت. ئەگەر ئەو هونەرە بەو شێوە بێتەکایەوە، کاتێک تۆ بەرهەمی هونەرمەندێک دەبینی، دەکەوێتە سەر زار و زمانی خەڵکی و خەڵک بە هی خۆی دەزانێت، ئەو هونەرە سەر بەرخۆیە و کە دەڵێین هونەرمەندی سەربەخۆش خاوەنی بەرهەمێکە کە لاسایی کردنەوە نەبێت، بەو واتایە نییە تۆ گرێچنی ڕابردوو لەگەل میللەتەکەی خۆتدا نەبێت، نە! تۆ لەگەڵ میللەتەکەی خۆتدا و لەگەڵ هونەری میللەتەکەتدا گرێچنت کردووە و پێکەوە هاوپێوەندن، بەڵام دەتوانیت لە چوار چێوەی ئەو کارەی کە تۆماری دەکەی یان ئەو بەرهەمەی کە لە دوای خۆتی بە جێ دەهێڵیت، بەردەنگەکانت بێژن ئەو بەرهەمە هینی فلانە کەسە، هینی مەریەم خانە، ئەوە کاوێس ئاغایە، ئەوە تاهێر تۆفیقە، ئەوە ناسر ڕەزازییە، ئەوە نەجمەی غوڵامییە، ئەوە محەممەد جەزایە، بە هەرحاڵ هەمووی ئەوانە کە بەرهەمێکیان هەیە و ئەتوانن بەو بەرهەمەوە بناسرێنەوە و شوێندانەری یان کاریگەرییەک لەسەر پێشکەوتنی هونەری کوردی دابنێن، هونەرەکەیان سەربەخۆیە و ئەو هونەرمەندەش سەربەخۆیە کە خاوەنی ئەو بەرهەمەیە. بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە ئێمە وتمان سەربەخۆین بەهۆی گرێدانی بیر و هزری سیاسیمان بە هونەرەوە مەحکووم بکرێین، یان نابێت لەگەڵ هیچ حیزب و لەگەڵ هیچ دەستە و گرووپێکدا پەیوەندیمان هەبێت، ئەتوانین پەیوەندیمان هەبێت، بەڵام هونەرەکە هونەرێک بێت بۆ هەمووان بێت، کە واتە ئەو هونەرەی کەدەچێتە نێو خەڵکەوە مۆرکی حیزبایەتی بەسەرەوە نەبێت، ئەتوانێت چەمکی شۆڕشگێڕیی تێدا بێت، ئەتوانێت چەمکی پێشمەرگایەتی تێدا بێت. دیارە پێشمەرگە گەیشتۆتە ئاستێک، ئەوەندە ناوێکی پیرۆزە کە ئەتوانین بێژین وەک نەتەوەکەی پێناسە دەکرێت و وەک نەتەوەکەش پەسن دەدرێت و دووانەی لێک دانەبڕاون. بەڵام ئەو هونەرە لە چوار چێوەی میللەتەکەیدا، لە چوار چێوەی ئامانجی خەڵکەکەیدا دەتوانێت باڵانوێن بێت و خۆی پێناسە بکات و خۆی بناسێنێت و خوێندنەوە بۆ خۆی بکات و ئەو کەسەش کە لەو بوارەدا دەتوانێت خاوەنی بۆچوونێکی سیاسییش بێت، بەڵام لە هاوکات هونەرێکی سەربەخۆ و هونەرێکی باش پێشکەش بکات.

**پ_ مامۆستا قادر ئایا بێجگە لە گۆرانی لە ژانرەکانی دیکەی هونەر وەک ئەدەبیاتیشدا چالاکیتان هەیە؟**

و_ لە ڕاستیدا بێجگە لە هونەری گۆرانی وتن جاروباریش شت دەنووسم. بەشێکی زۆر کەم لە گۆرانییەکانم شێعری خۆم هۆنیومەتەوە. هەندێ جار لەسەرمێژووی موسیقای کوردی شتم نووسیوە. دەتوانم بێژم جاروباریش بە زمانی فارسی وتار دەنووسم، واتە ناڵێم نووسەرم، بەڵام بەهەرحاڵ لەو بوارەشدا خۆم بینیوەتەوە، هەستم کردووە کەمایەسییەک کە دەبێ منیش بەشداریی تێدا بکەم، نەک بێژم دەبێ بنووسم بۆ ئەوەی بنووسم، ئەو شتەی کە دەینووسم بە پێویستی دەزانم و هەست دەکەم لە بواری هونەری کوردیدا، لە بواری ئەدەبیاتی کوردیدا کەلێنێک بوونی هەیە، یان هەندێ‌جار بۆچوونی سیاسیی خۆم سەبارەت بە بابەتێک دەنووسم. بێجگە لەوەش لە ڕاستیدا من ئێستا بڕیارم داوە بیرەوەرییەکانی خۆم لە چوار بەرگدا بنووسمەوە، بەڵام تا ئێستا دوو بەرگیم نووسیوە، هێشتا بڵاوم نەکردووەتەوە، بەڵام بەو مانایە نییە بڵاوی نەکەمەوە، لەو کتێبانەدا زۆر شت هەیە کە باسم کردووە و هیوادارم بگاتە دەستی خوێنەرانی ئۆگری بیرەوەرییەکان، ئەو بیرەوەرییانەی کە چ تاڵ بن چ شیرین، بە هەر حاڵ لە دوو توێی ئەو کتێبەدان.

**پ_ نەورۆزی ٩٥ "ڕاسان" لە لایەن حدکاوە ڕاگەیەندرا، ئایا ڕاسان قۆناغێکی سەربەخۆیە یان هەر درێژەی قۆناغەکانی پێشووی خەباتە؟**

و_ من پێم وایە نەتەوەیەک کە خاوەنی پێشمەرگەیە و خاوەنی خەباتی خۆیەتی، و بە درێژایی مێژوو خەباتی کردووە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش وەکوو بەشێک لەو نەتەوە کە مێژوویەکی ٧١ ساڵەی هەیە و بەرەو ٧٢ساڵ دەچێت، لەو مێژووە پڕ لە شانازییەدا لاپەڕەی زۆری بۆخۆی تۆمار کردووە. ئەو لاپەڕانە لە کۆماری کوردستانەوە، لە نێوی پێشمەرگە، لە هەڵکردنی ئاڵا و لە دانانی سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب"، ئەوانە هەموویان چەمکی نەتەوەیین، حیزبی دێموکرات بەو کارانەی توانیویەتی خەباتی گەلەکەی ڕێبەری بکات و دەتوانم بێژم ڕاسانی نەورۆزی ٩٥ی هەتاوییش کە ڕاگەیەندرا، درێژەی ئەو خەباتە پەنگ خواردووە بوو جارێکی دیکە بڵێسەی سەندەوە، کە هۆکارەکەشی ئاڕوودۆخی باشووری کوردستان بوو. ڕاسان گرێدانەوەی خەباتی پێشووی ئەو حیزبە و ئەو میللەتە و خەباتەکەیەتی بە هەنووکەوە. ئەتوانم بێژم خەباتێکی نەپساوەیە، بەڵام هەندێ جار بە هۆی باروودۆخ یان ئەو کەندوکۆسپانەی کە دێتە سەر ڕێگای، ڕەنگە هەوراز و نشێوی هەبێ، بەڵام درێژەی هەبووە خەباتی ئەو میللەتە لە سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامیدایە. خانمی جەهانگیری، ڕاپۆرتێری مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دوایین ڕاپۆرتی خۆیدا سەبارەت بە ئێران ڕایگەیاند کە؛ ئێستا زیاتر یا نیوە زیاتری زیندانییە سیاسییەکان کوردن.

بە کورتی و کوردییەکەی ڕاسان درێژەی هەمان خەباتە کە ساڵانێکە میللەتی کورد و حیزبی دێموکرات درێژەی دەدەن و دڵنیاشم ڕاسان لە چڵەپۆپەدا دەبێت و تا لەگۆڕنانی کۆماری ئیسلامی لە لایەن ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران و تا گەیشتنی میللەتی کورد بە بووکی ئازادی، ڕاسان ڕاناوەستێت و بەو خوێنانەی کە ساڵی پار پێشکەشی کرد بەرانبەر بە دوژمن ڕاساوە. هیوادارم دارەکەی پتەوتر و بەردەوامتر بێت بتوانین ئەو ساڵ و ساڵانی داهاتوو بەری ئەو خەباتە ببینین.




گەڕانەوەی بەتمەن



KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:699 20 april 2017

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

# نەهامەتییەکانی کۆڵبەران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پارووەیەک نان



نان و بژیوی ژیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووەتە گرفتێکی هەرە گەورەی خەڵکی هەژاری کورد، کە لەبەر دواکەوتوویی کوردستان، نەبوونی کار و بایەخ نەدانی بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران بە ناوچە کوردستانییەکان، خەڵک بە ناچار ڕوو لە کۆڵبەری دەکەن، کارێک کە یاری بە گیانی کۆڵبەران دەکات و لە ئاکامیشدا حەقدەستیان تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە خوێنمژەکانی ڕێژیمی ئێرانە.

لە سەرەتای ساڵی نوێی هەتاوییەوە تاکوو ئێستا، چەندین هاووڵاتی کورد لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بوونەتە قوربانیی ڕێگەی دابین کردنی بژیوی ژیان.

شەوی ١٩ی خاکەلێوە، هاووڵاتییەکی کۆڵبەر لە ئەنجامی دەستڕێژ و تەقەی هێزە حکوومەتییەکان بە سەختی بریندار بوو.

هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران پاش نانەوەی بۆسە لە سەر ڕێگای کاسبکاران و کاروانچییەکان لە دەوروبەری گوندی بێتووشی شاری سەردەشت، یەکێک لە کاسبکارانی خەڵکی ئەو ناوچەیەیان بە ناوی "ڕزگار" خەڵکی گوندی "کۆڵەسە" کردە ئامانج.

هەروەها لە ئەنجامی ئەو دەستڕێژەی هێزە حکوومەتییەکاندا، حەوت سەر ئەسپ و وڵاغی کاروانچییەکان بە کوشت چوون؛ هەروەها تەواوی کەلوپەلی کاروانچییەکان لە لایەن هێزە ئینتزامییەکانەوە دەستی بە سەردا گیراوە.



کاتژمێر ٣ی بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٤ی خاکەلێوە، هێزە ئینتزامییەکانی شاری سەقز لە سەر پردی "مام سێوەدین"ی ناوچەی سەرشیو، تەقەیان لە ماشینی دوو کاسبکاری کورد کرد و لە ئاکامدا یەکێک لەو کاسبکارانە بە ناوی "عەتا حوسێنی" گیانی لەدەست دا.

ئێوارەی ڕۆژی ٢٦ی خاکەلێوە، لە ئەنجامی هێرشی هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەتی ئێران لە ناوچەی "هۆدەران"ی شاری سەردەشت، لانیکەم چوار کۆڵبەر کوژران و بریندارن بوون.

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا شوناسی کۆڵبەرە کوژراوەکانی بەم چەشنە ڕاگەیاندووە: "ئەحمەدی مام قادر" خەڵکی گوندی "دۆڵەبێ"، "ڕەحمەت" خەڵکی "بێواران"، "سیامەند" تەمەن ١٨ ساڵ خەڵکی "ئالان"، "مەحموود هەمزەیی" کوڕی قادر.

بەپێی ئەم هەواڵە گاردی ویژەی هێزەکانی ڕێژیم هێنراونەتە ئەو ناوچەیە و لە چەکی قورس وەک تیربار دژی خەڵک کەڵکیان وەرگرتووە.

هەر لەو کاتەشدا سێ هاووڵاتیی دیکە لەلایەن هێزەکانی حکوومەت لە شاری سەردەشت دەستبەسەر کران و بەشێکی زۆر لە کەلوپەلی خەڵک و دوو ماشینی هاووڵاتیانی خەڵکی کوردستانی باشوور لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە لە خاکی کوردستانی باشوور سوتێنران.

بەرەبەریانی ڕۆژی دوو شەممە ٢٨ی خاکەلێوە، کۆڵبەرێکی کورد لە گەردەنەی "تەتە" هەڵکەوتوو لە نێوان شاری مەریوان و پاوە، بەناوی "نەزیر ئەدراک" تەمەن ٢٠ ساڵ و خەڵکی گوندی "ژیوار" بە هۆی بەربوونەوە لە ڕەوەزەکانی ئەو ناوچەیە گیانی لەدەست دا.

هەر لەمبارەوە ڕۆژنامەوانێکی کوردی نیشتەجێی وڵاتی نۆروێژ بە پشت بەستن بە هەواڵ و زانیارییەکانی ماڵپەڕی کوردستان میدیا، ماڵپەڕی فەرمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەلی لەسەر دۆخی ژیانی کوردان بەگشتی و گوشارەکانی ڕێژیمی تاران بۆ سەر کۆڵبەران لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان لە ڕۆژنامەی بەناوبانگی "ڕێڤۆلێیشێن" ی نۆروێژ بڵاو کردەوە.



نووسەر لەم ڕاپۆرتەدا بە وردی پڕژاوەتە سەر جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە نەتەوەی کورد و ئەو ڕاستییە تاڵەی کە تەنانەت بەزەییان بە کۆڵبەرانیشدا نایەتەوە، کە تەنیا بۆ دابین کردنی بژیوی ژیان ڕوو لەم کارە پڕ مەترسییە دەکەن.

هەروەها لە درێژەی ئەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەی بە جینایەتەکانی چەند ڕۆژ پێش ئێستای سپای پاسداران لە ناوچە سنوورییەکانی سەردەشت کردووە، کە تێیدا چەند کۆڵبەری کورد کەوتنە بەر گوللەی دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامی و بوونە قوربانیی ڕێگەی نان.

## زیندانییەکی سیاسیی کورد حوکمی پێنج ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە

لقی دووی دادگای ئینقلابی شاری ورمێ حوکمی پێنج ساڵ زیندانی بە سەر زیندانییەکی سیاسی کوردی خەڵکی ئەو شارەدا سەپاند.

شوناسی ئەو هاووڵاتییە کوردە بە ناوی "بەشیر پیرماوانە" خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی شاری ورمێ ڕاگەیەندراوە.

تۆڕی مافی مرۆڤی کوردستان لەو بارەوە بڵاوی کردەوە کە؛ ناوبراو لە ڕێکەوتی ١٤ی ڕەشەمەی ساڵی ڕابردوو لەلایەن هێزەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتەوە دەستبەسەر کراوە.

بەپێی هەواڵی ئەو سەرچاوەیە، بەشیر پیرماوانە بۆ ماوەی ١٢ ڕۆژ لە گرتووخانەی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری ورمێ لێپرسینەوەی لەگەڵ کراوە و دواتر بۆ زیندانی ناوەندیی ئەو شارە ڕاگوێزراوە.

ئەو زیندانییە سیاسییە کوردە بە تۆمەتی هەوڵدان دژی تەناهیی نەتەوەیی و هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئیسلامیی ئێران دەستبەسەر کراوە.




لێبووردنی نێونەتەوەیی: ٥٥٪ی ڕێژەی ئێعدامەکان لە ئێران بەڕێوەدەچێت

ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی لە نوێترین ئاماری ساڵانەی خۆیدا بڵاوی کردووەتەوە کە؛ بەبێ لە بەرچاوگرتنی وڵاتی چین، ٥٥٪ ی ڕێژەی ئێعدامەکان لە جیهان لە وڵاتی ئێران بەڕێوەدەچێت.

ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی ڕۆژی ٢٢ی خاکەلێوەی ساڵی ٩٦ی هەتاوی لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا بڵاوی کردەوە، ٥٦٧ حاڵەتی ئێعدام لە ساڵی ٢٠١٦ زایینی‌دا لە ئێران تۆمار کراوە.

ئەو ڕێکخراوەیە لەو ڕاپۆرتەدا ئەوەشی خستووەتەڕوو کە، لانیکەم ٣٣ حاڵەتی ئێعدامی تۆمار کراو لە ساڵی ٢٠١٦ زایینی، لە بەرچاوی خەڵکدا بووە.

بەپێی ڕاپۆرتی ئەو ڕێکخراوە، لانیکەم دوو کەسی تاوانبار کە لە مێرمنداڵیدا تووشی تاوان بوون، لە سێدارەدانیان بەپێچەوانەی ڕێککەوتننامە و بەڵێننامە نێونەتەوەیەکان بووە.

هەروەها لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژە بە ئێعدامی ٨ ژن لە ساڵی ٢٠١٦ زایینیدا لە ئێران کراوە.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی، ئێران پاش چین بە دووهەمین وڵات لە بواری ئێعدام کردنی هاووڵاتییانی خۆی بە هەژمار دێت.

## بێڕێزی کردنی دەزگای قەزایی بە سێ هاووڵاتیی کورد



سێ هاووڵاتیی کورد لە شاری دێهلوران سەر بە پارێزگای ئیلام، لەلایەن دەزگای قەزایی ئەو شارەوە بە بیانووی "ئەراذل و اوباش" بوونیان، مەسینەیان لە مل کرا.

بەپێی هەواڵە بڵاوکراوەکان، ڕۆژی چوارشەممە ٢٣ی خاکەلێوە، سێ هاووڵاتیی کورد لە شاری دێهلوران لە حاڵێکدا کە مەسینەیان لە مل کرابوو، بە نێو شاردا گەڕاندوویانن.

هەواڵدەریی مێهری ئیلام لە زاری هێزە ئینتزامییەکانەوە بڵاوی کردەوە کە؛ ئەو بڕیارە بە دەستووری دۆزگەری شاری دێهلوڕان بووە.

ئەو سێ هاووڵاتییە بە تاوانی "ئاژاوەنانەوە، بارمتەگرتن و قەمەکێشان"، ئەو حوکمەیان لە سەر دراوە.

هەروەها ماڵپەڕی "صراط" لە زاری نەجەفی دۆزگەری گشتی و ئینقلابی شاری دێهلوڕان، ئامانجی ناوبراوی لەو کردەوە نامرۆڤانەیەی بە دانی هوشداری بەو کەسانە باس کردووە کە؛ خەریکی "نۆرم شکێنین و دەستدرێژی زۆرملی و بێڕیزی بە ناموسی خەڵکن".

پێشتریش لە شاری مەریوان، دادگای ئەو شارە بە زۆری جلوبەرگی ژنانەی لە بەر هاووڵاتییەکی خەڵکی ئەو شارە کرد و لە پێش چاوی خەڵک لە نێو شاری مەریواندا سووڕاندیانەوە.

تێکەڵ کردنی سزادانی تاوانباران بە کەرامەت شکێنیی تاوانبار، یەکێک لە کردەوە دزێوەکانی دەزگای بەناو دادوەریی ئێرانە کە بە کەڵک وەرگرتن لە سۆز یان تووڕەیی خەڵک بەرانبەر تاوانبار، سنووری یاساییەکان تێدەپەڕێنن و سزای نایاسایی بەسەر تاوانباراندا دەسەپێنن.